# زانستنامەی فەلسەفە

وەشانی پی.دی.ئێفی وتاری

# فەلسەفەی ڕزگاری

نووسەر: ئێدواردۆ مێندیێتا

وەرگێڕ: حیسامەدین خاکپوور

هەڵەچنی: ئەروەند سالاری

مێندیێتا، ئێدواردۆ. «فەلسەفەی ڕزگاری». *زانستنامەی فەلسەفە* (بەهاری ٢٠٢٣). حیسامەدین خاکپوور (وەرگێڕ). بەستەر=<https://zanistname.com/ck/entries/liberation/>.

ناونیشانی وتاری ماک لە *ئینسایکلۆپیدیای فەلسەفەی ستانفۆرد*دا:

Mendieta, Eduardo, “Philosophy of Liberation”, *The Stanford Encyclopedia of Philosophy* (Winter 2020 Edition), Edward N. Zalta (ed.), URL = <https://plato.stanford.edu/archives/win2020/entries/liberation/>.

پەڕبەندی: ئەروەند سالاری

سەرجەم مافی ئەم بەرهەمە بۆ *زانستنامەی فەلسەفە* پارێزراوە

https://zanistname.com/

# فەلسەفەی ڕزگاری

ئێدواردۆ مێندیێتا

وەرگێڕ: حیسامەدین خاکپوور

فەلسەفەی ڕزگاری ناوێکی گشتییە بۆ بزووتنەوەیەکی فەلسەفی و میتۆدێکی فەلسەفاندن کە بۆ هەوەڵ جار لە کۆتاییەکانی دەیەی شەســت لە ئەرجەنتین ســەری هەڵدا، بەڵام لە ســەرەتاکانی دەیەی حەفتا لە سەرانسەری ئەمریکای لاتیندا بڵاو بووەوە. هەر بۆیە جاری وایە هەندێک لە ڕەخنەگران و مێژوونووسانی فەلسەفەی ڕزگاری، بە مەبەستی ئاماژە بە بەستێنی ڕاستەوخۆی جومگەبەندیی سەرەتاکانی ئەو فەلسەفەیە و بڵاوبوونەوە و گەشەونەشــەی گشتیی دوایی ئەو فەلسەفەیە، ئاماژە بە چەمکێکی «بڕاوە» و «بەربڵاو» لە فەلسەفەی ڕزگاری دەکەن. ئەگەر لە قوناغبەندیی خورخە جی ئی گارسیا و مانوێل ڤارگاس لە فەلسەفەی ئەمریکای لاتین کەڵک وەرگرین، فەلســەفەی ڕزگاری ســەر بە قۆناغی «پێگەیشــتن» لە فەلســەفەی ئەمریــکای لاتینــە (Gracia and Vargas 2013). بە هەر حاڵ، بێ گومان فەلســەفەی ڕزگاری نمانا و دەرکەوتەی جیاوازی فەلسەفەی ئەمریکای لاتینە کە زیاترین سەرنجی نێونەتەوەیی بە خۆیەوە ڕاکێشاوە و زیاترین کاریگەریی هەم لە ئەمریکای لاتین هەبووە، هەم لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا.

بەڵام فەلســەفەی ڕزگاری بە قووڵی بنجی لە مێژوو و باسوخواســەکانی ئەمریکای لاتیندا هەیە، تا ئاستێک کە دەتوانرێت ئەم داوایە بێنینە گۆڕێ کە فەلسەفەی ڕزگاری وەڵامێکی تێروتەسەل و بنچینەییە بە ئەرکی جومگەبەندیی فەلســەفەیەکی جیاواز لە ئەمریکای لاتیندا. بەم پێیەیش بەشــێکە لە مێژووی بەربڵاوتــری فەلســەفەی ئەورووپایی. تەنانــەت ئەگەرچی خۆی وەکــوو ڕەخنە لــە ئەورووپاتەوەری و هەژموونــی فەلســەفەی ئەورووپا پێناســە دەکات، بــە کەڵکوەرگرتن لــە ڕەوتە باوە فەلســەفییەکان، بزووتنەوەکان، تێگەکان و باسوخواسەکان گەشەونەشەی دەستاند. لەوانەیە هەندێ کەس باس لەوە بکەن کە فەلسەفەی ڕزگاری وەچی لە دیاردەناسی، هێرمنۆتیک، مارکسیزم یان بەگشتی ماتریالیزمی مێژووییدا

هەیە. لە ڕاستیدا چونکە زۆرێک لە فەیلەسووفانی ڕزگاری لە دڵی ئەو نەریتە جۆراوجۆرانەوە هاتوونەتە دەر، فەلسەفەی ڕزگاری هەر لە دەسپێکەوە و لە ناوخۆیەوە بزووتنەوەیەکی ناچونیەک بووە و ماوەتەوە. ئەم ناچونیەکییە لەگەڵ تێکەڵاوبوونی هەندێک لە فەیلەسووفان لەگەڵ ئەو شتەی ئێنریکە دووسێل ناوی وتووێژی «باشوور-باشوور»ی لێدەنێت، ڕووی لە زیادبوون ناوە، کە لەویادا فەلسەفەکانی ناسراو بە «باشووری جیهان» بێ ئەوەی ڕادەست و سەرسپێری هێز و دەسەڵاتی فەلسەفەی زاڵی ئەورووپایی-ئەمریکایی بن، دەکەونە دیالۆگ لەگەڵ یەکتر (Dussel 2015).

ئامانجی فەلسەفەی ڕزگاری ئەوەیە کە لە پێگە و ڕۆڵی جیاوازی ئەمریکای لاتین لە مێژووی جیهاندا بە کەڵکوەرگرتن لە سەرچاوەی فەرهەنگی و فیکریی سەربەخۆ، بەدەر لە دۆخی وابەستەیی ئابووری، فەرهەنگی، سیاسی و فەلسەفی، بیر بکاتەوە. ئامانجێکی کردەیی هەیە: ڕزگاری. بەگشتی فەلسەفەی ڕزگاری بە ناوی پرۆژەگەلی ڕزگاری، خۆسەری و ڕەسەنایەتییەوە، بە ڕەخنە لە کۆلۆنیالیزم، ئیمپریالیزم، بەجیهانیبوون، ڕەگەزپەرستی و هەڵاواردنی جێندەری کە لێکەوتەی ئەزموونی چەوساندنەوە، هەژاری، نامۆیی و بەشتومەککردنە، خۆی وەکوو گوتارێکی هەمبەرفەلسەفی پێناسە دەکات. واتە فەلسەفەی ڕزگاری، خۆی وەکوو «دابڕانێکی مەعریفی» پێناسە کردووە کە ئامانجی نەوەک تەنیا ڕەخنە و ئاڵنگارییە لەگەڵ گریمانە و مژارگەلی بنەڕەتیی فەلسەفەی ئەورووپایی–ئەمریکایی، بەڵکوو دەیهەوێت فەلسەفە هەستیارتر و بەرپرسیارتر بکات لەمەڕ ئەو دۆخە کۆمەڵایەتییە سیاسییەی کە بەردەوام خۆی لەویادا دەبینێتەوە. کەوایە مەبەستی فەیلەسووفانی ڕزگاری لە «گوتاری هەمبەرفەلسەفی» «دژە فەلسەفی بوون» نییە، بەڵکوو ئەوان دەیانویست لە داڕشتنی بیردۆزەکانیاندا هەتا ڕادەیەکی زۆر داکۆکی لە لەخۆڕامان و خۆهۆشیاری بکەن. بەدڵنیاییەوە، فەلسەفەی ڕزگاری پشتیوانی لە فرەچەشنیی فەرهەنگی، یەکسانیی جێندەری و ڕەگەزی، و سەروەریی سیاسی دەکات. لەم ساڵانەی دواییدا، هەندێک لە فەیلەسووفانی ڕزگاری بۆ ئاماژەدان بەم پشتیوانیکردنە بنەڕەتییە و بۆ ڕێز و قەدر لە فرەچەشنیی فەرهەنگیی جیهانی، لە زمانی «فرەلایەنباوەڕی» لەجیاتی «جیهانداگری» کەڵکیان وەرگرتووە (Dussel 2015; Mignolo 2011). سووڕگەی فەلسەفەی ڕزگاری لەسەر تەوەرگەلی ڕەخنە، دەروەستی، دڵمەشغوولی و ڕزگاری پێناسە دەکرێت. فەلسەفەی ڕزگاری وەکوو ڕەخنەیەک لە تەواوی فۆرمگەلی وابەستەیی و ناڕەسەنایەتیی فەلسەفی، هۆشیارانە و بەڕاشکاوی یەک مێتافەلسەفەیە. کەواتە فەلسەفەی ڕزگاری، لەنێو شتگەلێکی دیکەدا، ڕوانگەیەکە لەمەڕ ئەوەی کە چ شتێک، فەلسەفە دێتە ئەژمار و چۆن دەبێت پەیشوێن بگیردرێت.

ئەم وتارە دابەش دەکرێت بەسەر چوار بەشی سەرەکەییەوە: مێژوو، پاشخان، ڕەوتەکان، و مژار و باسوخواسەکان.


- ١. مێژوو
  - ١.١ مێژووی درێژماوە
  - ٢.١ مێژووی نزیک
- ٢. پاشخان
- ٣. ڕەوتەکان
  - ١.٣ بوونناس
  - ٢.٣ شیکاری
  - ٣.٣ مێژوونووس
  - ٤.٣ بەپرسکردن
- ٤. مژارەکان و باسوخواسەکان
- ژێدەرەکان
- سەرچاوە ئینتەرنێتییەکانی تر


## ١. مێژوو

هەروەها کە ئاماژەی پێ کرا، فەلسەفەی ڕزگاری سەر بە قۆناغی «پێشگەیشتن»ی سەردەمی هاوچەرخ لە مێژووی فەلسەفەی ئەمریکای لاتینە (Gracia and Vargas 2013; Gracia 1988–89). وەکوو بزووتنەوەیەکی فەلسەفی سەرقاڵی ئەرکی زۆر گرنگی گەڕاندنەوەی ئەو شتەیە کە بە شێوەیەکی جیاواز، وەکوو ئەندێشەی «ئەمریکای لاتین» ناسراوە و بەڕاشکاوی بە شوێن دۆزینەوە و زیندووکردنەوە و نەجاتی ئەندێشەی ئەمریکای لاتین لە شێوازگەلی پێش سەفەری کۆلۆنیالیستیی کریستۆفەر کۆلۆمبس و هەروەها شێوازگەلی پاش داگیرکارییە. هەروەها لە گەڕاندایە بە شوێن دۆزینەوە و نەجاتی بزووتنەوە و ڕەهەندە جۆراوجۆرە فەلسەفییەکان کە بە درێژایی مێژووی درێژخایەنی کۆلۆنیالیزم، سەربەخۆیی و دروستبوونی نەتەوەکاندا سەریان هەڵداوە. هەر بۆیە یەکێک لە ئامانجەکانی فەلسەفەی ڕزگاری،

مێژوونووسیی ڕەخنەگرانەیە لە دادگای فەلسەفە، بەگشتی، و لە ئەندێشەی ئەمریکای لاتیندا، بەتایبەتی. کەسایەتیگەلێک وەک ئێنریکە دووسێل، ڕۆدێڵفۆ کۆش، ئارتووڕۆ ڕۆیج و لیۆپۆڵدۆ زی، ڤێرژێنگەلی خۆیانیان لە فەلسەفەی ڕزگاری بە شێوەی گەڕاندنەوەی قۆناغەکانی بەرایی لە گەڵاڵەکردنی پرۆژەی ڕزگاریی ئەمریکای لاتین دارشتووە. بەم پێیە فەلسەفەی ڕزگاری وەکوو ڕەوت و بزووتنەوەیەکی خۆهۆشیار، لە هاوگیرییەکی زۆر جیاواز لە ڕەهەندگەل و کێشمەکێشگەل و پڕۆسەگەلێکی جوگرافیایی-مێژوویی، فەرهەنگی، فیکری و فەلسەفی سەری هەڵداوە.

## ١.١ مێژووی درێژماوە

بێ گومان فەلسەفەی ڕزگاری لە کۆتاییەکانی دەیەی شەستەوە دەستی پێکرد، ئەو کاتەی وا لیۆپۆڵدۆ زی و ئاگۆستۆ سالازار باندی، باسوخواسێکیان بەم پرسیارەوە خستە گەڕ: «ئایا فەلسەفەی ئەمریکای لاتین بوونی هەیە؟» وەڵامی ئەم پرسیارە چ بە ئەرێنی و چ بە نەرێنی، کاریگەرییەکی لەسەر ئەو ڕاستییە نییە کە بزووتنەوە دەبێت ڕێگەیەکی دوورودرێژ بۆ گەڕاندنەوەی فەلسەفەی ئەمریکای لاتین، لانیکەم بۆ ناسینی ئەو چرکەساتانەی ئەندێشەی ڕەسەن و خۆسەری ئەمریکای لاتین ببڕێت. بەم هۆکارەوەیە کە هەندێک لە فەیلەسووفانی فەلسەفەی ڕزگاری باس لەوە دەکەن کە لانیکەم سێ قوناغی پێشینەی مێژوویی بوونی هەیە کە وەکوو ژێرخانی فەلسەفەی ڕزگاری ئیش دەکات. بە شێوەی دووسێل دەتوانین ئەو قۆناغانە ئاوا وێنا بکەین (Dussel 2005: 374–5).

*قۆناغی یەکەم.* ئەم قۆناغە، دەسپێکی ڕەخنە لە داگیرکاری و گەشەونەشەی گوتارێکە کە ئەندێشەی خەڵکانی خۆجێیی کیشوەری ئەمریکا بە خۆیەوە سەرقاڵ دەکات. مێژووی دەسپێکی گرنگ ساڵی ١٥١١یە، ئەو کاتەی کە ئانتوان دوومونتزینوس، شێوەی تەبشیری مەسیحیەتی وەبەر ڕەخنە دا. ئەم قۆناغە سەردەمێکە، هۆشیاریی جیاوازی ئەمریکای باکوور لەمەڕ ئەو نادادپەروەرییانەی لەسەر خەڵکانی خۆجێیی جیهانی، وەکوو دەڵێن جیهانی نوێ، ئەنجامی دەگرت سەر هەڵدەدات. وتوویژی نێوان جینێس دی سیپۆڵڤیدا و فڕای بارتۆلۆمی دی لاس کەساس لە ڤایادۆلید لە ساڵی ١٥٥٠ نیشانکەردی سەرهەڵدانی ئاشکرای گوتار و هۆشیاریی ڕزگاریخوازە. لەم وتوویژەدا سیپۆڵڤیدا چرکەساتێک لە سەرهەڵدانی ئاگایی مۆدێرنی ئیمپریالیستی و کۆلۆنیکەری ئەورووپا وێنا دەکات و لەو ساتەدا دەبێژێت کە خەڵکانی خۆجێیی کیشوەری ئەمریکا بە شێوەی سروشتی کۆیلە لە دایک بوونە، کەوایە دەبێت ملکەچ و فەرمانبەر

بن. سـیپۆڵڤیدا گومان لە مرۆڤبوونی خەڵکانی خۆجێیی ئەوێ دەکات (Dussel 2007, 2007a; Ruiz Sotelo 2010). لـە بەرامبـەردا دی لاس کەسـاس لە هەمان کاتدا کە ددان بـە جیاوازبوونی خەڵکانی خۆجێیی کیشوەری ئەمریکادا دەنێت، مرۆڤایەتیی ئاوەزمەندی ئەوان دەسەلمێنێت. لە ڕاستیدا دی لاس کەسـاس دان بە ئاوەزمەندیی ئەوان دەنێت و ئاوەزخوازیی ئەوان وەکوو نۆرمێکی ئیلاهیاتی ئینجیلی لە قەڵەم دەدات. تەنیا ڕێگەی ڕاستەقینەی تەبشیر ڕێگەی تێڕامانی ئاوەزمەندانەیە، نەک دەستبەسەرداگرتن و داسەپاندنی توندوتیژانەی ئایینی.

*قۆناغی دووهەم*. ئەم سـەردەمە دەتوانرێت وەکوو یەکەمین ئازادی پێناسە بکرێت، واتە ساڵەکانی ١٧٥٠ تا کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم. کەسایەتییە دیارەکانی ئەم قۆناغە بریتین لە: بنیتۆ دیاز دی گمارا کە لە ساڵی ١٧٧٤ کتێبەکەی خۆی بە ناوی *تۆخمەکانی فەلسەفەی سەردەم* بڵاو کردەوە، کارلۆس دی سینگوێنزا وای گانگۆرا و فرانسیسکۆ خاوێر کلاڤیگۆڕا کە فەلسەفەی سیاسیی دژە کۆلۆنیالیزم و دژە ڕەهاییخوازییان جومگەبەندی کرد و ڕەخنەگەلێکیان دژی پاشـایەتیی ئیسـپانیا وەگەڕ خست. هەندێک لە کەسایەتییە ناسراوەکانی ئەو سـەردەمە بریتین لە: فرای سـێرڤاندۆ ترزا دیمیر (١٧٦٣–١٨٢٧)، مانۆێل ئێم مۆرنۆ (لە لاپلاتا کە دواتر بوو بە ئەرجەنتین ١٧٧٨–١٨١١)، سیمۆن ڕۆدریگێز (لە ڤێنیزوێلا ١٧٥١–١٨٥٤)، سیمۆن بۆلیڤار (١٧٨٣–١٨٣٠)، فرانسیسـکۆ دیمیراندا (١٧٥٠–١٨١٦)، خووان ژرمن ڕۆسیۆ (١٧٦٣–١٨٢١). لە سەدەی هەژدەهەمدا ئەم بیرمەندانە و زۆرێک لە «نیشتمانپەروەران» گوتاری سیاسیی ڕزگاربوون لە تاج و تەختی پاشایەتیی ئیسپانیایان داڕشت. ئەوان خوازیاری سەربەخۆیی کیشوەر و گەشەونەشەی ناسنامەی جیاوازی «ئەمریکا» بوون. سوور خوانا ئینێس دی لاکرووز (١٦٥١–١٦٩٥) بەهۆی تێکەڵاوبوونی لەگەڵ شـیعر، تێڕامانە ئیلاهیاتییەکان، پەسـندانی نەریتی خەڵکانی خۆجێیی ئەمریکا و هۆشیاریی فێمینیستیی نەوڕسک دەبێت وەکوو یەکێک لە بەشـداربووانی یەکەمین گوتاری ڕزگاری لە ئەژمار بدرێت و لەناو ئەو کەسایەتییانەدا جێ بکرێتەوە کە ئەم سەردەمە پێناسە دەکەن.

*قۆناغی سـێیەم*. دەکرێت ئەم سـەردەمە بە دووهەمین چرکەسـاتی ئازادی لە قەڵەم بدرێت کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمەوە دەست پێدەکات و هاوڕا دەبێت لەگەڵ شۆڕشی کووبا لە ساڵی ١٩٥٩. لە کەسایەتییە ناسراوەکانی ئەم سەردەمە، خۆزێ کارلۆس ماریاتێگی (١٨٩٤–١٩٣٠) و کتێبەکەی *حەوت وتاری ڕاڤەیی سـەبارەت بە واقیعی پێروو* (١٩٦٨) دەربڕی ئەجێندایەکی نوێی ڕزگارییە کە بەڕاشکاوی لە شـێوەی ڕێدۆزێکی دووانەدا شرۆڤە کراوە و سـەرنج دەداتە واقیعی مێژوویی و پێشـینەی خۆجێیی

کیشـوەری ئەمریکا. ئەم کارە دەسـپێکی تەرخانکردنێکی ڕەخنەیی ئایدیا ئەورووپاییەکان لە بەستێنی «ئەمریکای لاتین»دا بوو. ئەم سەردەمە بە قەیرانگەلی هەوڵە گەشەخوازەکان و گەلخوازی پێناسە دەکرێت کە سـەبارەت بە جیاوازییە زۆر قووڵەکانی ڕەگەزی و ئەتنیکی و چینایەتی کەمتەرخەم بوو. لە دژی ئەم بەسـتێنە بوو کە ئاگۆستۆ سـالازار باندی (١٩٢٥–١٩٧٤) و لیۆپۆڵدۆ زیا (١٩١٢-٢٠٠٤)، ئەم پرسیارەیان هێنایە گۆڕێ: ئایا فەلسـەفەی ئەمریکای لاتین بوونی هەیە یان نا؟ قۆناغی سێهەم بە هۆشیاریی ڕاشکاو لەمەڕ وابەستەیی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی، گەشەنەکردوویی و زاڵێتی پێناسە دەکرێت (Vallega 2014). لـەم سـەردەمەدایە کە پێویسـتیی گوتارێکی ڕزگاری بەڕاشـکاوی جومگەبەندی دەکرێت.

## ٢.١ مێژووی نزیک

ئەم بەشە بەستێنی بەربڵاوتری کۆمەڵایەتی و فیکریی قۆناغی سێهەم، کە لە سەرەوە باسی لەسەر کرا و لەوێدا فەلسەفەیەکی ڕاشکاو و تایبەتی ڕزگاری سەر هەڵدەدات، وەبەر لێکۆڵینەوە دەدات.

بەشـێکی گرنگ لە ئاخێزگەی فەلسـەفەی ڕزگاری، وەکوو بزووتنەوەیەکی فەلسـەفیی ڕەسـەن، ڕیشـەی لە پرسـی فەلسـەفەیەکی جیاواز و ڕەسـەنی ئەمریکای لاتیندا هەبووە. پرسـی فەلسەفەیەکی جیاوازی ئەمریکای لاتین لانیکەم لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە لە ئارادا بووە، ئەو کاتەی «بەرەی نیشتمانپەروەر» دەستیان دایە پرسیارکردن لە فەلسەفە یان ئەندێشەیەک کە هەڵقوڵاوی خەڵکانی خۆجێیی ئەوێ بێت و سـەبارەت بەوان بکەوێتە گەڕ (Beorlegui 2004). ئەم پرسـە ئەو کاتە فۆرمی تایبەتی بە خۆیەوە گرت کە سالازار باندی (١٩٦٨) بابەتەکەی لە جەستەی پرسیارێک لەمەڕ بوونی واقیعی فەلسەفەی ئەمریکای لاتین، دووبارە ورووژاندەوە. سـالازار باندی بە کەڵکوەرگرتن لە چەمکگەلی مارکسیستی و ئێگزیستانسیالیستی، وەڵامی نەرێنیی دایەوە. فەلسەفەیەکی ڕەسەنی ئەمریکای لاتین بوونی نییە چونکە نیمچەکیشوەر لەژێر باندۆری دۆخی کۆلۆنیالیزمی زەینی، پاشکۆیی فیکری و وابەستەیی فەلسەفی ژیاوە و گەشەونەشـەی کردووە. سالازار باندی لەسـەر ئەو بڕوایە بوو کە بۆ گەیشتن بە فەلسەفەیەکی ڕەسەنی ئەمریکای لاتین، دەبێت نیمچەکیشوەر سەربەخۆیی خۆی وەدی بێنێت و خۆسەری و چارەیخۆنووسینی خۆی مسۆگەر بکات. ئەم ئەندێشانە و وەڵامی دوایی زیا (١٩٦٩)، ئەجێندایەکی یەک بەرەی دەستنیشان دەکرد. دەتوانین بڵێین فەلسـەفەی ڕزگاری، کە بەڕاشـکاوی ئەو ناوەی لێ نراوە، لانیکەم سـێ قۆناغی

تێپەڕاندووە: دامەزران و پێگەیشتن، ئازار و ئەزیەت و تاراوگە، ئاڵنگارییەکان و باسوخواسەکان (Dussel 2005; Beorlegui 2004; Cerutti Guldberg 1983 [2006]).

*دامەزران و پێگەیشتن* (١٩٦٩-١٩٧٥). لە دووهەمین کۆنگرەی نەتەوەیی فەلسەفەی ئەرجەنتیندا کە لە ساڵی ١٩٧١ لە کۆردۆبا بەڕێوە چوو، فەلسەفەی ڕزگاری بەڕاشکاوی ئەو ناوەی لێ نرا (Dussel 2017). دەستەی دەسپێکەر کەسانێکی وەک ئێسڤالدۆ ئاردیلس، ئالبێرتۆ پاریسینی، خوان کارلۆس ئێسکنونە، خولیۆ دی زان و ئانیبال فورناری بوون. بەڵام ئەم دەستە لە ژۆرناداسەکانی (سمینارگەلی کاری حەفتەیی) فەلسەفە کە لە زانکۆی یەسووعی، زانکۆی سانسالڤادۆر (ئەو جێگەیەی پۆپ فرانسیس لەوێ خوێندبووی)، لە سەن میگڵ، لە قەراغی شاری بۆینس ئایریس ڕێک دەخرا، شێوازێکی فەرمیتری بە خۆوە گرت. هەوەڵین ژۆرنادا لە ساڵی ١٩٧١ و دووهەمینی لە هەمان ساڵدا بە ناوی «ڕزگاریی ئەمریکای لاتین» بەڕێوە چوو. سێهەمینی لە ساڵی ١٩٧٣ بەڕێوە چوو کە لەویادا سالازار باندی وتارێکی بە ناوی «فەلسەفەی زاڵێتی و فەلسەفەی ڕزگاری» و لیۆپۆڵدۆ زیا وتارێکی بە ناوی «فەلسەفەی ئەمریکای لاتین وەکوو فەلسەفەی ڕزگاری» پێشکەش کرد (١٩٧٣). ئەم قۆناغە لە ساڵی ١٩٧٥ بە یەکەمین کۆنگرەی نەتەوەیی مەکسیک بۆ فەلسەفە لە مۆرلیای مەکسیک، بە وتاری کەسانێکی وەکوو دووسێل، کێسادا، ئارتورۆ ڕۆوج و ئابلاردۆ ویلگاس کۆتایی هات. ئەمانە کۆبوونەوەگەلێکی گرنگ بوو چونکە پیشاندەری دەسپێکی فەلسەفەی ڕزگاری وەکوو ئەجێندایەکی فەلسەفیی ئەمریکای لاتین دەهاتە ئەژمار کە دەبوو بە جێگرەوەی فۆرمە سەرەتاییە ئەرجەنتینییەکانی. دەستەیەکی نوێ لە فەیلەسووفان، بۆ نموونە هۆگۆ ئاسمەن، کارلۆس بازان، ئارتوڕۆ ڕۆوج، لە هەر هەمووی ئەمریکای لاتینەوە هاتنە گۆڕەپانی ئەو باسوخواسەوە.

لە ساڵی ١٩٧٤ گۆڤاری پێداچوونەوەی فەلسەفەی ئەمریکای لاتین لە بۆینس ئایریس دەستی بە چاپ و بڵاوکردنەوە کرد و لەگەڵ گۆڤاری ستڕۆماتا کە لە زانکۆی ئێلسالڤادۆر لە بۆینس ئایریسی ئەرجەنتین دەر دەکرا، بوون بە شوێنی ڕێکخستنی سەرەکیی چاپەمەنی بۆ فەیلەسووفانی ڕزگاری و لەویادا زۆرێک لە سەروتار و ڕاگەیاندننامەئاساکانی بزووتنەوە چاپ دەبوو.

*ئازار و ئەزیەت و تاراوگە* (١٩٧٥-١٩٨٣). لە دوای کوودەتای سەربازی لە دژی ماریا ئێستێلا مارتینز پرون لە مارچی ١٩٧٦دا، سەردەمێک بە ناوی سەردەمی «شەڕی پیس» کە لە ڕاستیدا جۆرێک «تیرۆریزمی دەوڵەتی» بوو، ئەزیەت و ئازار و تیرۆری فەیلەسووفانی سەر بە بزووتنەوەی نەوڕسکی فەلسەفەی ڕزگاری دەستی پێکرد. بەهۆی ئازار و ئەزیەت و ئەشکەنجەوە، زۆربەیان چوون بۆ تاراوگە و ڕوویان لە کانادا،

ئیکوادۆر، مەکسیک، پێروو و ڤێنیزوێلا کرد. یەکێک لە لێکەوتەکانی ئەو ئەزیەت و ئازارە ئەوە بوو کە لەمەبەدوا پرۆژەی ئەرجەنتینی فەلسەفەی ڕزگاری لە ئەمریکای لاتین بۆ بەشەکانی دیکەی ئەمریکای لاتین ڕاگوێزرایەوە و بوو بە پرۆژەیەکی کیشوەری. بە هەر حاڵ، دیکتاتۆرییەکانی ئەمریکای لاتین لە دەیەی شەست و بەگشتی شەڕی سارددا، ڕاستەوخۆ لەسەر باسوخواسە ناوخۆییەکان لەمەڕ فەلسەفەی ئەمریکای لاتین کاریگەرییان هەبووە و لە ئاکامدا کارتێکەریگەلێکی گرنگ و یەکلاکەرەوەیان بۆ چۆنیەتیی تێگەیشتن لە ڕزگاری بە جێ هێشتووە. ڕۆڵی پۆپیولیزم و نەتەوەخوازی لە دیاریکردنی ئەرکی فەلسەفە بوو بە پێوەرێکی نرخاندن. لە ساڵی ١٩٨٠، جڤاتی فەلسەفە و ڕزگاری لە بوگوتای کۆلۆمبیا دامەزرێندرا و بوو بە کەرەسەی سەرەکی بۆ ڕێکخستنی کۆنگرە، کۆنفرانس و دانیشتنەکان لە کۆنگرە نێونەتەوەییەفەلسەفییەکاندا.

*ئاڵنگارییەکان و باسوخواسەکان* (لە ساڵی ١٩٨٣ تا ئەمڕۆکە). بە ڕابووردن بەرەو لای دیمۆکراسی و داڕووخان و شکستی دیکتاتۆرییە سەربازییەکانی ئەمریکای لاتین، قۆناغێکی نوێ لە ڕێکخستن و پێگەیشتنی فەلسەفەی ڕزگاری دەستی پێکرد. کتێبی *فەلسەفەی ڕزگاریی ئەمریکای لاتین* لە هوراسیۆ سرووتی گۆلدبێرگ (٢٠٠٦) داگرترین سازدانەوەی مێژوویی و ڕەخنەیی بزووتنەوەکەی ڕانا. لە ساڵەکانی ١٩٨٨-٨٩ خورخە جی. ئەی. گراسیا مژارێکی تایبەتی سەبارەت بە «فەلسەفەی ئەمریکای لاتین» بە وتارێکی دوورودرێژ لە سرووتی گۆلدبێرگ چاپ کرد کە لەویادا پێداچوونەوەیەکی کورتی لە بزووتنەوە خستبووە بەردەست. لە ساڵی ١٩٩٣ ئوفلیا شووتە وتارێکی بە ناونیشانی *ناسنامەی فەرهەنگی و ڕزگاریی کۆمەڵایەتی لە ئەندێشەی ئەمریکای لاتیندا* بڵاو کردەوە و لەویادا ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ڕەخنەیی لەگەڵ هەندێک لە تێزە سەرەکییەکانی فەلسەفەی ڕزگاری پەرە پێدا. ئەو دەقە بنچینەییانە، لانیکەم بەو شێوەی کە ڕەخنەگرانی لێی تێدەگەیشتن، نیشانکەردی پێگەیشتن و یەکانگیریی گشتیی فەلسەفەی ڕزگاری بوو. ئەم کارانە بانگەشەی جومگەبەندی و سازدانەوەی دووبارەی دەکرد کە گرژی و پێکدادان و قەڵشتە ناوەکییەکانی نێو دەستەیەک لە بیرمەندانی ڕوون دەکردەوە کە بۆ یەکەم جار دەنگیان بەم ڕەوت و میتۆدە نوێیەی فەلسەفاندن لە ئەمریکای لاتین دابوو.

ئەم جیاوازی و لێکدوورییانە بە شێوەیەکی ڕوولەزیادبوون، ئاشکرا بووەوە. ئێستە ئیتر ناتوانین تەنیا لە یەک فەلسەفەی ڕزگاریی تاقانە قسە بکەین. لەجیاتی ئەوە، وێ دەچێت باشتر وا بێت کە لە «فەلسەفەگەلی ڕزگاری» بە شێوەی کۆ قسە بکەین کە لەویادا ئەو شتەی هاوبەشە لە نێوان ئەوانەدا،

کۆیـەک لە بابەتگەلی یەکترپۆشـانە لە نێوان گێڕانەوەگەلی هەلومـەرج و دۆخگەلی جیاواز کە هەوڵی ڕزگاری لێیـان دەدرێت و هەروەها نەریت و میتۆدگەلی جیاوازە کە بـۆ شرۆڤەی ئەو گێڕانەوەیە بە کار هێنراوە. بێ گومان کاکڵێکی بنەڕەتی هەیە کە کۆی فەلسەفەی ڕزگاریی لە نیوەی چوارەمین دەیەی ژیانی خۆیدا ڕاگرتووە. تایبەتمەندیی هاوبەشی فەلسەفە جۆراوجۆرەکانی ڕزگاری بریتین لە:

A. خاڵی دەسـپێکی مشـتومڕهەڵنەگر بۆ هەموو فەیلەسووفانی ڕزگاری، هۆشـیارییە لە وابەستەیی ئابـووری، کۆمەڵایەتـی، سیاسـی و فەرهەنگیـی ئەمریـکای لاتین بـە ئەورووپـا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

B. دانپێدانانی گشتی بەوەدا کە فەلسەفە دەبێت بە پێبەندی و دەروەستی لەگەڵ هەلومەرجی جیاوازی مێژوویی و ژیۆپۆلتیکیی ئەمریکای لاتین پراکتیزە بکرێت. ئیدعا ئەمەیە کە ئاشکرا یان نائاشکرا تەواوی فەلسـەفاندن، بەردەوام جۆرێکە لە دەروەستی بە دۆخی هەبوو. هەمووی فەیلەسووفانی ڕزگاری لەسـەر ئەو باوەڕەن، فەلسـەفەیەک کە شـیاوی ئەو ناوە بێت ئامراز و کەرەستەیەکە بۆ ڕۆشـنگەری و لێکدانەوەیەکی تیۆریکە لە خزمەت پڕاکتیسـی ڕزگاریدا. فەلسـەفەی ڕزگاری جمکی پڕاکتیسی ڕزگاری و ئازادییە.

C. هەمووی فەلسەفاندنەکان لە هەلومەرجێکی مێژوویی تایبەتەوە سەریان هەڵداوە، بەڵام ئەم دۆخە «مێژووییە هەسـتەکییە» جومگەبەندیگەلێکی جواروجۆری بە خۆوە گرتووە، بە شـێوەیەک کە ڕەوتە جۆراوجۆرەکانی ناو فەلسەفەی ڕزگاری پێناسە دەکات (بڕوانە بەشی ٣ لە ژێرەوە). ئێستاکە دەتوانین بڵێین کە «خاڵی دەسـپێک» دەتوانێت یەک خەڵک، یەک نەتەوە یان یەک فەرهەنگی ڕەسـەن بێـت. دەتوانێت بە یەک چین یـان گرووپی ئابووری ئیرجاع بدات، بەو شـێوەی کە لە بیرۆکەی مارکسـیزمدا تێگەیشـتنی بۆ دەکرێت. دەتوانێت یەک پرۆژەی فەرهەنگی، مێژوویی و بووناسانە لە خۆ بگرێت کە خۆی لە شێوەی داڕشتن و بکەرییەکی مێژووییدا پیشان دەدات.

D. فەلسـەفەی ڕزگاری وەکوو ڕەخنەیەک لە ئەندێشـەی کۆلۆنیزەکراوی باو و فەلسەفەی وابەستە، یەک مێتافەلسـەفەیە. هەر بۆیە مژاری میتۆد بەشی جیانەکراوە لە ئەجێندای فەلسەفەی ڕزگارییە. هاوتەریب لەگەڵ «خاڵە دەسـپێکە» جیاوازەکانی فەلسـەفە کە بە شـێوەیەکی ڕەسـەن بنچینەی دانراوە، فەیلەسـووفە جۆراوجۆرەکانی ڕزگاری لەسـەر تایبەتمەندییەکانی ئـەم یان ئەو میتۆد و ڕەوتی فەلسەفی بەڵگاندن دەکەن. بەو شێوەیە کە هەندێک لە فەیلەسووفانی ڕزگاری دەبینین کە

«خۆجێییخوازن»، هەندێکیان لە کاتێکی تردا لەگەڵ ئەندێشەکانی ڕیکۆڕ، هایدگەر، یان لێڤیناس، هەندێکی دیکەیان لەگەڵ ئەندێشـەکانی دیلتای و گادامێـر و گائۆس و ئۆرتێگادا هاوڕا بوون و هەندێکی دیکەیان مارکسیستی بوون. فەلسەفەی ڕزگاری کە ڕەخنەیە لە فەلسەفەی ئەورووپایی، بە تەواوی فەلسـەفەیەکی لە ناوخۆ و خۆماکییە، تەنانەت ئەو کاتەی هەندێک لە نوێنەرەکانی لە ڕوانگەی «شیکاری»یان لە ڕوانگەی «دەرەوەیەتی»ی مێتافیزیکی لەمەڕ ئەندێشەی ئیمپریالیستی و تەواوخواز و گشتگیر بەڵگاندن دەکەن. کەوایە جێی سەرسووڕمان نییە کە «هەڤاڵان»و کتێبەکانی فەلسەفەی بوونخوازی، دیاردەناسی، مارکسیزم، یا کەسایەتیگەلێک وەک مارتین هایدگەر، کارل مارکس، ئیمانوویل لڤیناس دەرکەگەلێک لەمەڕ فەلسەفەی ڕزگاری یان هەندێک لە ناسیاوترین سیماکانی لە خۆ دەگرن.

E. لەو ڕووەوە کە ئەم فەلسـەفەیە بە وشەی «ڕزگاری» پێناسە دەکرێت، تەواوی فەلسەفەی ڕزگاری سەرقاڵ و دەسـتەویەخەیە لەگەڵ وێناکردنی یەک ئارمانجشار و ناسـاندنی «سووژە»ی سازدانی ئاوەها ئارمانجشـارێک. ئارمانجشاری ڕزگاری یان پێویسـتی بە ناسینەوەی «سووژەی مێژوویی سەرکوتکراو» یان سازدانی سووژەیەکی نوێیە. سووژەی ڕزگاری و ئازادی دەتوانێت خەڵک یان چینی کرێکار یان بەشگەلێک لە خەڵک بێت کە ئێستاکە وەکوو خەڵکی هەژار و چەوسێنراوی نەتەوە دەناسـێندرێن. بۆ ئەوانی تر، بەو شێوەی کە لە درێژەدا دەیبینین، ئەم بابەتە لەسەر دەستی نەتەوە سـاز دەبێت کە لە بازنەی خەڵکیدا بە جەسـتەیی دەکرێت. ئەم بازنەیە بە ساکاری تەنیا بە پێی ناسنامەی چینایەتی یان تەنانەت فەرهەنگی دەرک ناکرێت، بەڵکوو لە سۆنگەی ڕوانگەیەکی دژەکۆلۆنیالیستی بە مەبەستی سەروەریی نەتەوەییەوە سەرەندەری لێ دەکرێت.

دەتوانین ئەم تایبەتمەندی و پرس و ناوەرۆکە گشـتی و هاوبەشـانە لە سـێ ڕوانگەی سـەبارەت بە یەکانگیری و یەکێتیی فەلسەفەی ڕزگاریدا کورت بکەینەوە: یەکەم: کۆدەنگییەکی گشتی بوونی هەیە کە فەلسەفەی ئەمریکای لاتین دەبێت فەلسەفەی ڕزگاری بێت و ئامانجەکەی سەرکەوتنە بەسەر وابەستەیی، زاڵێتی و پاشـکۆیەتی. دووهەم: ناهاودەنگییەکی زۆر هەیە لەمەڕ ئەوەی کە چ کەسێک، چ شتێک یان چۆن دەبێت ئەو پرۆژەی ڕزگارییە ڕاپەڕێندرێت. سـێهەم: سـەبارەت بە نـاوەرۆک و ئامانجی کۆتایی ڕزگارییش، جیاوازیی بیروڕایەکی زۆر هەیە. بەکورتی زۆر کەس وای بۆ دەچن کە فەلسـەفەی ڕزگاری وەک بەشـێکی دانەبڕاوی هەر فەلسەفەیەک پێناسە دەکرێت. وەک هێنانە ژێر پرسیاری دۆخی گشتیی

نامۆیی بووناسانەی تاکەکەس، و پرۆژەی هاوپەیوەندیی ڕزگاری و ئارمانجشاری وەدیهاتوو دەتوانێت چۆن بێت و لە داهاتوودا چۆن دەبێت. بەو حاڵەیش فەیلەسووفانی ڕزگاری باس لەوە دەکەن کە تەنیا و ڕێک بەهۆی ئەوەی کە لە هەلومەرجێکی تاک و تایبەتی بووناسانە، مێژوویی و ژیۆپۆلتیکیدا هەڵقوڵاوە، تایبەتمەندیی جیهانیی پەیدا کردووە.

## ٢. پاشخان

هەروەک هەمووی بزووتنەوە و نەریتە فەلسەفییەکان، فەلسەفەی ڕزگاری لە دوو بەستێنی مێژوویی جیهانــی و بەســتێنی کۆمەڵایەتی-مێژوویی ناوچەیی ســەری هەڵــداوە. لە ڕووی پێشــینەی مێژوویی جیهانییەوە، شــەڕی جیهانی دووهەم و بە تایبەت لەقاودانی ڕەشــەکوژیی جوولەکەکان، شەڕی سارد و شــەڕەکانی باشــووری ڕۆژهەڵاتی ئاســیا، قۆناغێکی مێژوویی نوێی پێک هێنا کە لەویــادا ئەورووپا و نەریتگەلی فیکری و ئەخلاقییەکەی، پووچەڵکراو و بێ ئیعتبار وەدەر کەوتن. لە کاتێکدا پێشــتر هەموو شتەکانی ئەورووپا وەکوو پێوەرێک لەبەرچاو دەگیردران کە هەموو شتێکی پێ هەڵدەسەنگێندرا، ئینجا ئــەو ئەورووپایــە بووە جێی گومان. خەڵکــی ئەمریکای لاتین دەبوو بۆ ڕێنوێنی ئیلهام و ئەندێشــەیان عەوداڵی شوێنێکی کە بن.

دۆخــی کۆمەڵایەتی-مێژوویــی ناوچــە لــە لایەکەوە بە شۆڕشــی کووبــا، و لە لایەکــی دیکەوە دیکتاتۆریگەلی سەربازیی جۆراوجۆر لە سەرانسەری کیشوەری ئەمریکای لاتین، کە لێکەوتەی شەڕی سارد و شکستگەلی گەشەی ئابووریی ئەمریکای لاتین بوون، بیچمی گرت. بە هەرحاڵ شۆڕشی کووبا کاریگەریی قووڵی لەسەر وێنای کۆمەڵایەتی-سیاسی-فەرهەنگی لە گشت ئەمریکای لاتین دانا. لە وێنای هێمایینــی چێ گیڤارا (١٩٢٨-١٩٦٧)، شــۆڕش مژدەی گۆڕانکاریی مرۆڤــی ئەمریکای لاتینی –مرۆڤی نوێی– دەهێنا، چونکە ئەگەری ســەروەریی سیاسیی نەتەوەگەلی ئەمریکای لاتینی دەورووژاند. دەیەی شەســت لە ئەمریکای لاتین سەردەمی ئاڵۆزی و شڵەژانی سیاســی بوو. بەڵام سەرەڕای ئەمە سەردەمی نۆژەنکردنەوەی فەرهەنگی و خولیای ئارمانجشارانەییش بوو.

کەوابوو فەلســەفەی ڕزگاری زیاد لە هەر شتێک بەرسڤێکی هزری و فەلسەفی و تێکهەڵکێشێکی گومانهەڵنەگر لە زنجیرەیەک لە بزووتنەوە فیکری و فەرهەنگییەکان بوو کە بۆ یەک دەیە لە سەرانســەری

ئەمریکای لاتین لە گەڕدا بوو. بەستێنی فەرهەنگی وەها لێوانلێو لە ئەندێشە و ڕاگەیاندنەکان سەبارەت بە «ڕزگاری» ببوو کە ئەگەر لە کۆتاییەکانی دەیەی شەســت و بەراییەکانی دەیەی حەفتادا ناوی فەلسەفەی ڕزگاریی لێ نەدەنرا، ئەمڕۆ دەمانپرســی کە ئایا فەیلەســوفانێک لەم دونیایە ڕفێندراون و لە کەپسوولی زەمانیدا زیندانی کراون. فەلسەفەی ڕزگاری هەم پێویست و هەم حەتمی بوو.

بە پشتبەســتن بە کارەکانی کارلۆس بیۆرلێگوی، مێژوونوسی فەلسەفەی ئەمریکای لاتین، دەتوانین هەندێک لەو ئاخێزگە و ســەرچاوە فیکرییانەی کە فەلسەفەی ڕزگاری لەوانەوە سەری هەڵداوە، دیاری بکەین (Beorlegui 2004: 677–690). ئەو سەرچاوانە بەم شێوەی خوارەوەن:

*ئاخێزگەی ئابووری: تیۆریی ســەربەخۆیی.* لە دوای کۆتایی شــەڕی دووهەمی جیهانی، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا قۆڵی لێ هەڵماڵی هەتا یارمەتیی دارایی «گەشــە»ی ئەمریکای لاتین لەســەر بنەمای سەرچەشــنی وڵاتە پیشەســازییە و ســەرمایەدارییەکان لە ئەســتۆ بگرێت. ئەمە ئەو شــتەیە کە «هاوپەیمانی بۆ پێشــکەوتن» (١٩٦١-١٩٧٣) لە ڕێگای قەرزدان بە وڵاتانی کەمترگەشــەکردوو لە ڕووی ئابوورییەوە، ئەیهەویســت تا لە نەردیوانی گەشەی ئابوورییەوە سەر بکەون. ئەم بەرنامەیە بە تیۆرییەکی ئابووری بە ناوی «گەشەخوازی» ڕێنوێنی دەکرا. بەڵام بەم پێیەیش وڵاتەکانی ئەمریکای لاتین بەردەوام هەم لە ڕووی کۆمەڵایەتی و هەم لە ڕووی ئابوورییەوە دواکەوتوو بوون.

لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو شکســتەدا بوو کە هەندێک لە ئابووریزانان دەستیان دایە گەشەدان بە «تیۆریی وابەستەیی» یان «تیۆری گەشەدان بە گەشەنەکردوویی». لەنێو ئەو ئابووریزانانەدا کەسانێکی وەکوو سیۆســۆنیۆ دوس ســانتۆز، فێرناندۆ هێنرێک کاردۆســۆ، ئێنزۆ ڤاڵێتۆ، سێلســۆ فێڕداتۆ و ئانیباڵ کۆیجانۆ هەبوون. کاکڵەی سەرەکیی ئەم تیۆرییە ئەوە بوو کە گەشەنەکردوویی خەڵکی ئەمریکای لاتین لێکەوتەی فاکتەرگەلی نێوخۆیی و خۆجێیی نییە، بەڵکوو لێکەوتەی ڕاســتەوخۆی وابەستەیی ئابوورییە بە ئەورووپا و ویلایەتە یەکگرتووەکان. بە بڕوای ئەو بیرۆکەوانانە، مۆدێلی گەشەسەندنێک کە لە دەیەی شەست و حەفتادا زاڵ بوو کاریگەرییەکی چەواشەکارانەی دووقاتەی هەبووە. کەڵەکەبوونی سەرمایە لە میترۆپۆلەکان و وڵاتە وامدەرەکان، قەرزداری و هەژاریی زیاتری بۆ وڵاتانی بە ناو گەشەنەکردوو بە دواوە بوو. هەنووکە تێگەیشــتن لە گەشەنەکردوویی دەبێت لەسەر بنەمای تیۆرییەکی ئابووری بێت کە پیشانی دەدات گەشــەنەکردوویی قۆناغی یەکەمی گەشەی ئابووریی سروشــتیی وڵاتەکان نییە بەڵکوو لایەنی جیانەکراوەی نەزمی ئابووریی نێودەوڵەتییە کە لەســەر دەســتی کۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیزم و ئیمپریالیزمی

نویٚ چیٚ کراوە.

*ئاخێزگەی ئایینی: ئیلاهیاتی ڕزگاری.* سەرهەڵدانی ئیلاهیاتی ڕزگاری بە شێوەیەکی چڕوپڕ و بە ئەدەبیاتێکی پسپۆڕانەوە تۆمار کراوە و لێی کۆڵراوەتەوە. بەو پێیەیش ئیلاهیاتی ڕزگاری هەر بەو ئاستەی کە پێشکەوتنێکی تایبەت بە ئەمریکای لاتینە، دیاردەیەکی کاتۆلیسزمی جیهانییشە. چاکسازییەکان لە واتیکانی دووهەمەوە (١٩٦٢-١٩٦٥) و کۆمەڵی دووهەمی سەرقەشەکان لە کۆلۆمبیاوە (١٩٦٨) دەستی پێکرد و بەستێنی کڵێسای بۆ تۆکمەکردنی ئەو شتەی لە حەقیقەتدا بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بوو مسۆگەر کرد، واتە جڤاتە بنەڕەتییەکان. ئیلاهیاتی ڕزگاری بۆ بەرسڤ و وەڵام بە تێگەیشتنێکی نویٚ لە پەیوەندیی کڵێسا لەگەڵ «خەڵک» و ڕۆڵی ئیمان لە دونیایەک پڕ لە هەژاری و نادادگەریی کۆمەڵایەتی گەشەونەشەی ستاند.

ئیلاهیاتی ڕزگاری زمانێکی بە تەواوی نوێی دروست کرد: «بژاردەی چاکتر و هەڤیازانە بۆ هەژاری»، «لایەنی بنەوەی مێژوو»، «کڵێسای خەڵک» و «ئۆرتۆپراکسیس (ڕاستکرداری) پێش لە ئۆرتۆدۆکسی (ڕاستباوەڕی)» کە لەسەر هەندێک لە فەیلەسووفانی ڕزگاری کاریگەریی هەبووە. دوو بابەت لە بەشداریگەلی ئیلاهیاتی ڕزگاری لە فەلسەفەی ڕزگاریدا بریتی بوون لە: ڕامانی ڕەخنەیی دەبێت لە دڵی پراکسیسی دەروەستانە و بەپرسکردنی تێگەی «خەڵک»ەوە سەر هەڵ بدات. تێگەیشتن لە ئیلاهیاتی ڕزگاری دەکرێت وەکوو ڕامانێکی ئیلاهیاتی لەسەر ئەو شتە بێت کە خەڵک وەکوو جڤاکێکی ئیمانی چیٚ دەکات. بەکورتی ئیلاهیاتی ڕزگاری دەپرسێت: کیٚ سووژەی ڕزگاریناسیی خوایە؟ شایانی ئاماژەیە گوستاڤۆ گۆتیێرێز کتێبەکەی، *ئیلاهیاتی ڕزگاری*، لە ساڵی ١٩٧١دا لە پێروو بڵاو کردەوە و هەروەها هۆگۆ ئاسمەن کتێبەکەی بە ناونیشانی *ستەم و ڕزگاری: ئاڵنگاری لەگەڵ مەسیحییەکان* لە هەمان ساڵدا لە چیلی بڵاو کردەوە. هەروەها کڵێسای کاتۆلیک چوارچێوەیەکی دامەزراوەیی مسۆگەر کرد کە لە ڕێگەی ئەوەوە دەکرا پەیشوێنی هەندێک لە کارەکانی فەیلەسووفانی ڕزگاری بگیردرێت و ئەو کارەی لە ڕێگەی میوانداریی «ژورنادا» و پشتیوانی لە کۆنگرەکان و مسۆگەرکردنی دەرفەتگەلی وانەوتنەوە بۆ فەیلەسووفانی ڕزگاری لە زانکۆکانی وابەستە بە خۆی کە زۆربەیان لە زانکۆ گشتییەکان وەدەر نرابوون، دەڕەخساند.

*ئاخێزگەی پەروەردەیی: پێداگۆژیی ستەملێکراوان.* لە ساڵی ١٩٧٠، پاش دوو دەیە کاری فێرکاریی خوێندەواری لە ناوچە هەژارەکانی بەڕازیل، پاولۆ فرەیرە کتێبە سەردەمسازەکەی بە ناوی *پێداگۆژیی ستەملێکراوان* بڵاو کردەوە، کە وەرسووڕانێکی پاڕادایمی هێنا ئاراوە. ئەو لە ساڵی ١٩٧٢ پەروەردەی

بۆ پراکسیسی ڕزگاری پەیشوێن گرت. کاکڵەی سەرەکیی کتێبەکەی فرەیرە سێ بیرۆکەی گرنگ لە خۆ دەگرێت: هەر کات خەڵک بیهەوێت بەسەر وابەستەیی خۆیدا زاڵ بێت، تەنیا دەتوانێت لە ڕێگەی کارگێڕی و بکەریی خۆیەوە و هەروەها ئەوەی کە ببێت بە سووژەی ڕزگاریی خۆی، ئەو کارە ئەنجام بدات. بوون بە سووژەی ڕزگاریی خۆ، بە واتای دەرگیربوونە لە پرۆسەی گەشەی هۆشیاری و ئەوەیش لە ڕێگەی پێداگۆژییەوە دەگوزەرێت. لە پێداگۆژیدا وێنای فێرخواز وەکوو دەفرێکی نابکەر و پاسیڤ ڕەت دەکاتەوە و بە جێگەی ئەو تێگەیشتنێکی بنەڕەتی دێتە ئاراوە کە فێرکاری پرۆسەیەکی داینامیک و چالاکە. دوو تێگەی سەرەکی لە پێداگۆژیی ڕزگاریی فرەیرە ئەوە بوو کە (١) فێرکاری پێویستی بە گوێچکەدانە بە خەڵک، و (٢) فێرخوازی واتە ژیان بەو مانایە کە فێربوون هەم بۆ ژیان پێویستە و هەم لە چەقی ژیاندا ڕوو دەدات. ڕستەی گەوهەریی فرەیرە «هۆشیارکردنەوە»، پاشان لە لایەن فەیلەسووفانی ڕزگارییەوە وەکوو ئامانجی خۆیان بە کار دەبرێت: فەلسەفە لە خزمەتی گەشەی هۆشیاریی تاکەکەسی و بەکۆمەڵدایە.

*ئاخێزگەی ئەدەبی و هونەری: وێنەکێشی و دیوارنووسەکان*. زۆر جار فەرامۆش دەکرێت دەیەی شەست کاتی شکۆفانەوەی ئەدەبی ئەمریکای لاتینە. ئەم دەیەیە زەمانێکە کە کەسانێکی وەکوو خۆزە ئێم ئارگۆداس، خولیۆ کورتازار، کارلۆس فۆئێنتێس، گابریێل گارسیا مارکێز، ماریۆ بارگاس یوسا، ئۆکتاڤیۆ پاز، خوان ڕۆڵفۆ و ئێرنێستۆ ساباتۆ بەرهەمە سەرەکییەکانی خۆیان بڵاو کردەوە. هەروەها لەم دەیەدا ژانرێک سەری هەڵدا کە هێزی دەربڕینی دەدا بە هۆشیاریی قورس و گرانی وابەستەیی و ڕۆحی ڕاپەڕین و تێکۆشان بۆ ڕزگاری. واتە ڕۆمانە چریکییەکان کە لە نێو ئەوانەدا دەتوانین ئاماژە بە خولیۆ دی لاڤیگا ماتیاس و ڕۆمانی ڕەسوولی جێنشین (١٩٧١)، خسوس لارا و ڕۆمانی خولیاکان ((١٩٦٩، ڕێناتۆ پرادا ئۆرۆپزا و ڕۆمانی بنیاتنەرانی سیحر (١٩٦٩)، گابی والهو دی بولیوار و ڕۆمانی خەسارهەڵگر (١٩٧٣)، ئۆسکار یوزین فێرناندێز و ڕۆمانی تاریکیی درەوشاوە (١٩٧٦) بکەین. ڕێک هەر بەو شێوەی کە ئەو نووسەرانە نیشانیان داوە کە چۆن دەتوانن نەریتێکی ئەدەبیی جیاواز لە ئەمریکای لاتین ڕۆ بنێن، دیوارنووسان نیشانیان دا کە چۆن ستانداردەکانی جوانیی هونەری بە فەخرەوە ڕێز لە هەستیاریی جوانیناسانە و داهێنەرانەی ئەو کیشوەرە دەگرن. جوانیناسیی خۆجێیی کە لە لایەن دیوارنووسگەلێک وەکوو دیێگۆ ئۆرۆزکۆ، ڕیڤێرا، سیکیروس و نیگارکێشگەلێک وەکوو فریدا کالۆ پێشوازیی لێ دەکرا، نواندنەوەیەکی هێمایینی نوێی لە خەڵکی ئەمریکای لاتین وەدی هێنا کە بە شێوەیەکی گشتی زیاتر ڕەنگدانەوەی تێکەڵاوی و دووڕەگەیی ڕەگەزییە.

*ئاخێزگەی کۆمەڵناسـانە: کۆمەڵناسیی ڕزگاری*. هەروەها کە پێشتر ئاماژەی پێ درا، دەیەی پەنجا و شەست، دەیەکانی پشێوی و شڵەژانی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسیی گەورە لە سەرانسەری ئەمریکای لاتیـن بوو. بەپیشەسـازیبوونی ئەمریکای لاتین هاوکات بوو لەگەڵ شارنشـینیی بەربڵاو و سـڕینەوەی لادێنشینی. کۆچی بەربڵاو لە دێهاتەکانەوە بۆ شارەکان بووە هۆی سەرهەڵدانی گەرەکی کەلاوە و کۆختە کە لە زۆرتری مێترۆپۆلەکانی ئەمریکای لاتیندا بە ڕوونی دەبیندرا. کۆمەڵناسەکان پەرژانە سەر لێکۆڵینەوە لە ئاڵنگارییە تایبەتەکانی شارنشینی و سڕینەوەی لادێنشینی. لە کۆلۆمبیا، کۆمەڵناس ئۆرلاندۆ فالس بوردا کە لەسەر بابەتی جووتیاران کاری دەکرد، دەستی دایە گەشەدان بە شتێک کە ئەو ناوی نا «کۆمەڵناسیی ڕزگاری»، واتە پەرژانە سـەر دۆخی ئاوارتە و تاقانەی هەژارانی شـاری و لادێنشـین لە هەلومەرجێکدا کە دەوڵەت وەک نەبوون وا بوو. فالس بۆردا بە شـێوەیەکی تایبەت لەسـەر ڕێگەگەلێک لێکۆڵینەوەی دەکـرد کە لە هەناویدا هەژاران دامەزراوە و نۆرمگەلی دانوسـتانی کۆمەڵایەتیی خۆیانیان بەدی دەهێنا. کۆمەڵناسیی ڕزگاری بە تێکهەڵکێش لەگەڵ تیۆریی وابەستەیی، ئاخێزگەیەکی نێوان-ڕشتەییان ساز کرد کە دەیهەویسـت لە دۆخی نایەکسانیی سیسـتەماتیک لێکۆڵینەوە بکات، لە حاڵێکدا گەشەی دەدا بەو نۆرمە کە خەڵک دەتوانن کارگێڕی ڕزگاریی خۆیان بن.

ئاشکرایە هەم وابەستەیی و هەم ڕزگاری لەسـەر زاری ئابووریناسان، کۆمەڵناسان، ئیلاهیاتناسان و نووسەران دەگەڕا. فەلسەفەی ڕزگاری لە ڕێگەی چەمکاندنەوە دەربڕی ئەزموونی ژیانکراوی تێکچنراوی خۆجێیی و جیهانی بوو.

## ٣. ڕەوتەکان

فەلسەفەی ڕزگاری هەر وەکوو ئێگزیستانسیالیزم، هێرمنۆتیک، دیاردەناسی و پاش-پێکهاتەخوازی، هەرگیز بزووتنەوەیەکی یەکدەسـت و چونیەک نەبوو. فەلسـەفەی ڕزگاری لە سەرەتای دەسپێکیەوە بە کێشمەکێشە ناوخۆییەکان دەستنیشان دەکرا کە بە تێپەڕبوونی کات توندوتۆڵتریش دەبووەوە، بەڵام هاوکات بووە هۆی گۆڕانکاری و گەشەونەشەی فەلسەفی کە تێزە سەرەتاییەکانی گواستەوە بۆ ئاستگەلێکی نوێ لە پوخت و پاراوکردنی تیۆریک. سێرۆتی گۆڵدبێرگ کە بنەماییترین و بەراوردکارانەترین لێکۆڵینەوەی لەمەڕ فەلسـەفەی ڕزگاری نووسیوە، جۆرناسییەکی لە ڕەوتە ناوەکییەکان خستووەتە ڕوو و ئاماژە بە چوار ڕەوت دەکات (Cerutti Guldberg 1983, 1988–9, 2006). بیۆرلێگـی لـەم دواییانـەدا بـاس لەوە

دەکات کە لە ڕاستیدا شەش ڕەوت بوونی هەیە (Beorlegui 2004: 695–727). ئەم چوار ڕەوتە بە ڕیز لە خوارەوە باسی لێدەکرێت.

## ٣.١ بوونناس

ئەم ڕەوتە بەگشتی بەستراوەتەوە بە کەسانێکی وەکوو ماریۆ کاسالا، کارلۆس کالێن، گۆنتر ڕۆدۆلفۆ کوش و ئامێلیا پۆدێتی. بە باوەڕی ئەم بیرمەندانە، فەلسەفەی ڕزگاریی ئەمریکای لاتین دەبێت لە دۆخی بووونناسانەی ئەمریکای لاتینەوە دەست پێ بکات کە پەیوەندییەکی جیاوازی لەگەڵ بوون هەیە. ئەم پەیوەندییە جیاوازە لە زمانی ئیسپانیدا لە دوو فۆرمی کردەی ''*ser*'' بە واتای «بوون» (to be) و ''*estar*'' بە واتای «بوون لەناو» (to be in) نیشان دەدرێت. فەلسەفەی ڕەسەنی ئەمریکای لاتین لە «بوون لەناو»ی خەڵکی ئەمریکای لاتین دەست پێ دەکات. لە هەمان کاتدا هەر شتێک کە ئەورووپایی یان ئەمریکای باشووری بێت، دەبێت وەکوو نماناکانی فەلسەفەی ستەم و هەژمۆنی فەلسەفی ڕەت بکرێتەوە. ئەم فەلسەفە نوێیە کە لە ڕابردوو و لە هەر شتێک کە گوایە بیانییە دادەبڕێت، دەبێت لە «وابەستەیی بووونناسانە» کە ئەمریکای لاتین بە شێوەی جۆراوجۆر ڕەنجی لێ دەبینێت، دابڕان بکات. ئەم ڕەوتە هەر بەو ڕادەی کە لیبرالیزمی ئەورووپایی وەکوو فۆرمێک لە تاکخوازیی ئابستراکت و دەرهەست ڕەت دەکاتەوە، ڕەتدانەوەی مارکسیزمیش وەکوو فۆرمێک لە کۆمەڵخوازیی ئابووریی نائۆرگانیک دەکات. ئەم ڕەوتە خوازیاری جۆرێک لە پۆپیولیزمە کە نە نەتەوەخوازانەیە نە چین-تەوەر. بە جێگەی ئەوە «ئاپۆرەی خەڵک» وەکوو هەبوویەکی بووونناسانە، کۆمەڵگایەک لە چارەنووس و یەکێتییەکی ئۆرگانیک لەبەرچاو دەگیردرێت کە دەرکەوتەی پەتیی «بوون لەناو»ە و تایبەتمەندیگەلێکی جیاوازی فەرهەنگی لە خۆ دەگرێت. «ئاپۆرەی خەڵک» نەتەوە نییە بەڵکوو مێستیزۆی[١] ئەمریکایی و خەڵکانی خۆجێیی کیشوەری ئەمریکای لاتینە. بەم هۆکارەیە کە سێروتی گۆڵدبرێگیش وەکوو نمانا و دەرکەوتەی «پۆپیولیزمی دژە مێژوو» ناوی ئەم ڕەوتە دەبات (Cerutti Guldberg 1988–9: 46).

---

١. mestizo: مێستیزۆ لە ئەمریکای لاتین بە کەسانێک دەوترێت کە ڕەگەزی تێکەڵاویان هەیە، بەتایبەت ئەو کەسانەی کە ڕەچەڵەکی ئیسپانیایی و خۆجێییان هەیە.

### ٢.٣ شیکاری

ئەم ڕەوتە بریتییە لە کەسانێک وەک ئێنریکە دووسێل و خوان کارلۆس ئێسکنۆنە. هەر وەکوو بوونناسەکان، ڕەوتی شیکارییش خۆی وەکوو ڕەخنەی ئەورووپاتەوەری و کۆلۆنیالیزمی نوێی ئەمریکای باکووری پێناسە دەکات. ئەم ڕەوتە خۆی وەکوو ڕەخنە لە مۆدێرنیتە پیشان دەدات، ئەو مۆدێرنیتەیە کە لە باوەڕی ئەواندا وەکوو ئایدیۆلۆژیای کۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیزم وێنا دەکرێت کە جیاوازیی ئەمریکای لاتین بزر دەکات. بەم پێیە بە شێوەیەکی گشتیتر ڕەوتی شیکاری خۆی وەکوو ڕەخنەیەکی مێتافیزیکی لە ئەندێشەی تەواوخواز نیشان دەدات، ڕەخنەیە لە هەر شتێک کە لەسەر حسێبی بوون بیری لێ دەکرێتەوە، هەموو ئەو شتەی وەکوو حەقیقەت گریمانە دەکرێت. هەروەها لە هەمان کاتدا بەڵگە دەهێنێتەوە کە «خاڵی دەسپێک و وەڕێکەوتن» و «سەقامگیربوون»ی فەلسەفە، بە گەڕانەوە بۆ سووژە و ئۆبژەی فەلسەفاندن چێ بکرێت. سووژە و ئۆبژەی ئەم فەلسەفاندنە «ئاپۆرەی خەڵکن».

بەڵام بە پێچەوانەی هەڵوێستی بوونناسانە، تێگەیشتن لە خەڵک نە بە شێوەی بوونناسی، بەڵکوو بە شێوەی مێتافیزیکی، یان دروستتر بڵێین، شیکارانە ڕوو دەدات، (شیکارانە، ئانالتیک وەرگیراو لە «ئانا» واتە ئەوپەڕ، بە پێچەوانەی «دیا» واتە لەڕێگەی یان لەنێو). ئەم لایەنە لە فەلسەفەی ڕزگاری دەیهەوێت بە گونجاندنی هەر هەموو فەلسەفەی ڕۆژئاوا لە ژێر لۆژیکی هزری بوونناسی و گشتێتیی دیالکتیکی، پێداچوونەوەی دووبارەی لەسەر بکات. فەلسەفەیەک کە لە ئەرەستوو و ئەفلاتوونەوە بیگرە هەتا هێگڵ و مارکس و هابرماس، بەردەوام بۆخۆهەڵگەڕەوە بووە.

لە لای فەیلەسووفانی ڕەوتی شیکاری، خەڵکانی ڕەسەن بەردەوام لە دەرەوەی ئەو گشتێتییەدان. ناتوانین فۆرمی بوونی ئەوە، یەک جار و بۆ هەتاهەتایە دیاری بکەین. لە کاتێکی دیاریکراودایە کە گوزارشت لە گەڕان لە دووی دادوەرییەکدا دەکات کە میرات و بیرەوەریی خەباتی خۆی تێدا بەجێ هێشتبوو. بە هەر حاڵ، تێکۆشانی بەردەوام بۆ وەدیهێنانی دادپەروەری و قەرەبووکردنەوەی ئازارەکانی ڕابردوو، نادیار و نەناسراو دەمێنێتەوە. ئەگەر لەبۆ ڕەوتی بوونناسی، ڕۆڵی فەیلەسووف ئەوەیە کە ڕێنوێنیی خەڵک بکات بۆ ناسینی حیکمەتی قووڵ و حاشاهەڵنەگری خۆی، ئەوە بۆ فەیلەسووفی شیکاری، ڕۆڵی فەیلەسووف بە سەرنجدان بە دەنگ و هاوار و «لێپرسینەوەکان» لە خەڵک جەخت دەکاتەوە تا بتوانێت هاواری دادخوازیی ئەوان وەدەنگ بێنێت. هەروەها جێگەی سەرنجە کە دووسێل و سکانۆن، هەردووکیان زۆرێک لەو بیرۆکانەیان تێپەڕاندووە، چونکە ئەو بیرۆکانە بۆ یەکەم جار لە سەرەتاکانی

دەیەی حەفتــاوە جومگەبەندی کرابــوون (Dussel 1998, 2007; Scannone 1990). تا ئەم ڕادەیە، ئەگەری ئەوە هەیە دەســتەی شیکارییەکان، پێشــوەخت زەمەنپەرێش و ناهاوکات بووبێتن. لە حاڵێکدا کە سکانۆن بە دەروەستییە فەلسەفییەکانی خۆیەوە بە ئیمانوێل لڤیناس وەفادار ماوەتەوە و ڕووی کردووە لە گەشــەدان بە «فەلسەفەی نێوان فەرهەنگی»، ئەوا دانوستانی ڕەخنەگرانەی دووسێل لەگەڵ کارێڵ ئۆتۆ ئەپێڵ و یورگێن هابرماس، ئەوی بۆ لای گەشــەدان بە فەلســەفەی ڕزگاری بە شێوەیەکی دیالێکتیکیتر پەلکێش کردووە، ئەو فەلســەفەی کە وەرســووڕانێکی زمانی و پراگماتیســتیی چێ کردووە (Vallega 2014). زیاد لەمەیش، دووســێل لە دیالۆگ لەگەڵ واڵتێر میگنۆلۆ و ســانتیاگۆ کاســترۆ گۆمێز، بەڵگە دەهێنێتەوە کە فەلسەفەی ڕزگاری بەشداری کردووە لە «وەرسووڕانی دژەئیستعماری» لە ئەمریکای لاتین (بڕوانــە: Castro-Gómez, 2011; Dussel 2015; Mignolo, 2011; Mignol and Walsh 2018; Moraña, Dussel, Jáuregi, eds. 2008; Allen and Mendieta و زۆر شتی کە).

## ٣.٣ مێژووناس

ئەم ڕەوتە بریتییە لە کارەکانی هوراســیۆ سرووتی گۆڵدبێرگ، ئارتــوورۆ ڕۆیگ، ئارتوورۆ ئاردائۆ، لیۆپۆڵــدۆ زیا کە هــەر وەکوو ڕەوتی بەپرســکردن (بڕوانە خوارەوە) خۆی وەکــوو ڕەخنەیەک لەو دوو ئاراســتەی پێشوو پیشــان دەدات. ئەم بیرمەندانە باس لەوە دەکەن کە دەسپێک لە خاڵێک کە بە ڕەهایی دەســتتێوەرنەدراو و ڕەســەن بێت، نە دەکرێت و نە باشیشــە. بە جێگەی ئەوە بەڵگە دەهێننەوە کە ئێمە بەردەوام لە مێژووی بیرۆکەکاندا نوقمین، کەوایە ئەرکی ئێمە ئەوەیە کە لە ئەزموونی ئەمریکای لاتین لە ڕێگەی مێژووی جیاوازی ئەوەوە تێڕامان بکەین، بەو شــێوەی کە پێشــتر بیری لێ دەکرایەوە. لە ڕاستیدا زۆرتریــن کارگەلێــک کە بیرمەندانی ئــەم ڕەوتە ئەنجامیان داوە، پەرژانە ســەر ســازدانەوەی چڕوپڕی مێژووی ئەندێشەکانە لە ئەمریکای لاتیندا، بۆ ئەوەی کە سەرهەڵدانی ئەو ئەندێشانە لە پرۆسەی تایبەتی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی، دیالۆگ و ڕووبەڕووبوونەوەی بەردەوامیان بە درێژایی دەیەکان و ســەدەکان ببینــن. هەروەها ئــەم مێژووی بیرۆکانەیش لە ئەمریکای لاتین وەکوو بەشــێک لە پــرۆژەی ڕزگاری و ئازادیی سیاسی پێشــکەش کراوە. بەم هۆکارەیە کە نابێت پێشــینە مێژووییەکانی فەلسەفەی ئەمریکای لاتین لەبەرچاو نەگیرێت، چونکە ئەوانە هەروەها بەشــێکن لە مێژووی دروستبوونی ئازادیب سیاسی لە نیمچەکیشوەردا (Zea 1991).

## ٤.٣ بەپرسکردن

ئەم ڕەوتە گرێ دراوە بە بەرهەمی کەسانێکی وەکوو هۆراسیۆ سیرۆتی گۆڵدبێرگ، خۆزێ سێڤێرینۆ کرۆتۆ، مانوێل ئیگناسیۆ سانتۆز و گۆستاڤۆ ئۆرتیز. سرۆتی گۆڵدبێرگ هەروەها باس لەوە دەکات کە سالازار باندی و هۆگۆ ئاسمەن دەبێت وەکوو بەشدارانی ئەم ڕەوتە لەبەرچاو بگیرێن. بۆ ئەم دەستە لە بیرمەندانە پێوەری کاریگەری و گرێدراویی فەلسەفە ناتوانێت ڕەسەنایەتی ببێت، ئەوەیش ناتوانێت ببێت کە چەندە پەیوەندی یان جودایی هەیە لەگەڵ دەربڕینی خاڵێکی بەتاڵ کە وەڵامی هەندێک لە بابەتە مەزنەکان دەداتەوە یان لێپرسینەوەیان لێ دەکات. لە لای ئەم ڕەوتە، پرسیار ئەوەیە چ شتێک دەتوانێت، بەبێ بتپەرستی و ڕاز و ڕەمز و ئاڵۆزی، ڕامانێکی ڕەخنەیی بێت لەمەڕ ئەو قەیران و ئاڵنگارییانەی کە ڕووبەڕووی واقیعی کۆمەڵایەتیی ئەمریکای لاتین دەبنەوە. بە پێچەوانەی ڕەوتەکانی بووناسی و شیکاری، هەردووک ڕەوتی مێژووگەری و پرسمەندکردن هەموو هەوڵگەلێکی بووناسانە و مێتافیزیکییانە بۆ چاکسازیی خەڵک یان ئەو شتەی ڕێک سەر بە ئەمریکاییەکانە، ڕەت دەکەنەوە. فەلسەفە لە ڕووباری مێژوودا گرفتارە و ناتوانێت بەسەریدا قەڵەمباز بدات، یان وا بنوێنێت کە خۆی بە کردەوە لەگەڵ ڕابردوودا دابڕاندووە و ڕاشی گەیاندووە. بە باوەڕی ئەم دەستە لە بیرمەندانە مژارگەلی ڕەخنەیی دوولایەنن. یەکەم: فەلسەفە چلۆن بە کۆیەک لە ئاڵنگارییە مێژووییەکان بەرسڤ دەداتەوە بێ ئەوەی لە داوی پێشداوەریگەلێکی ئایدیۆلۆژیک بکەوێت کە نواندنەوەی مێژوو مەرجدار دەکات؟ دووهەم: زمانێک کە ڕێگە دەدات بەوەی کە ئەو ڕامانە فەلسەفییە بەردەوام هۆشیار بمێنێتەوە چییە؟

سەرەڕای ئەو جیاوازییە بنەڕەتی و زۆر جاران پێکنەهاتوو و یەکناکۆکانە، فەلسەفەی ڕزگاری وەکوو بزاڤێکی فەلسەفیی یەکجار گرنگ و نوێنەری بزووتنەوەیەکی فەلسەفی ناسێندراوە کە نەریتە جیاوازە هزرییەکانی ئەمریکای لاتین و ئاڵنگارییە مێژووییەکانی لێکداوەتەوە و وەڵامی داونەتەوە. لە نزیکەی نیو سەدەدا، کەسایەتیگەلێکی تر خۆیان لەگەڵ ئەو بزووتنەوەیە ڕێک خست، تەنانەت ئەگەر لە دەستەی بنیاتنەری ئەو بزووتنەوەیە نەبووبێتن.

نموونەی ئەمە فرانس هینکلامێرتە کە لە ساڵی **١٩٣١** لە ئاڵمان لە دایک بووە و لە زانکۆی ئازادی بەرلین خوێندوویەتی. لە ساڵی **١٩٦٣** کۆچی کرد بۆ ئەمریکای لاتین، لەبەرا بۆ چیلی و پاشان بۆ کۆستاریکا و لەوێ لەگەڵ هۆگۆ ئاسمەن تێچووی دیپارتمانی توێژینەوە ئابوورییەکانیان دابین کرد. پەروەردەی سەرەکیی ئەو لە ئابووریدا بوو، بەڵام بە درێژایی چوار دەیەی ڕابردوو، کۆیەک لە کتێبگەلی

بەباندۆری لەسەر پەیوەندیی نێوان ئیلاهیات، ئابووری و فەلسەفە بەرهەم هێناوە. بەرهەمەکانی ئەو دەپەرژێتە سەر ئیلاهیاتی ڕزگاری بەڵام لە بەرچاوگەی ئابووریی سیاسییەوە و دەیهەوێت پیشانی بدات کە ڕەخنەی ئیلاهیاتی ڕزگاری لە بتپەرستیی ئایینی، هاوتایی دەکات لەگەڵ ڕەخنەی مارکسیزم لە فۆرمی بتپەرستیی شتومەک و چەوساندنەوە. هینکێلامێرت هەروەها کۆیەک لە سیپارە و تاکنووسی بە مەبەستی ڕەخنە لە لیبرالیزمی نوێ بەرهەم هێناوە. بەڵام ئەو شتەی ئەو خستوویەتیە بەردەست هەر ئەو شتەیە کە ناوی دەنێت «ڕەخنە لە عەقڵی ئارمانجشاری» کە بەو ڕادەی کە بۆ مارکسیزم کارامەیی هەیە لە لیبرالیزمیشدا ئەو کارامەییەی هەیە. هینکێلمارت بۆ بەگژداچوونی پرۆژەگەلی یۆتۆپیایی و وەدینەهاتوویی، بنەمای «واقعیبوون» یان لەکردنهاتوویی وەکوو پێوەرێک بۆ هەڵسەنگاندنی ئەخلاقیبوون یان مۆراڵیتیی هەر جۆرە پرۆژەیەکی ئەخلاقی–سیاسیی گۆڕانخواز پێناسە دەکات.

کەسایەتییەکی دیکە کە زیاتر لە ڕێگەی خوێندکارەکانیەوە یارمەتیی پاڵاوتن و پوختەکردنی فرەتری فەلسەفەی ڕزگاریی داوە، ئیگناسیۆ ئیلاکوریا، ئیلاهیزانی یەسووعییە کە لە ساڵی ١٩٣٠ لە ڤیسکایای ئیسپانیا لە دایک بوو. ئەو خوێندکاری کارێل ڕێهنێر و خاوییر زۆبێری بوو و کۆچی کرد بۆ ئیلسالڤادۆر تا لە زانکۆی یونیورسیداد سینترۆئامریکەن وانە بڵێتەوە و لە ساڵی ١٩٦٩ بوو بە سەرۆکی زانکۆ و تا ساڵی ١٩٨٩، ئەوکاتەی کە بە دەستی هێزە نیمچەسەربازییەکانی دەستپەروەردەی ئەرتەشی ویلایەتە یەکگرتووەکان تیرۆر کرا، بەڕێوەبەری ئەو زانکۆیە بوو.

ئێلاکوریا لە نزیکەوە لەگەڵ زۆبێری فەیلەسووفی ئیسپانیایی کاری دەکرد کە لە ڕێگەی تێگەیەکەوە بە ناو «هۆشی هەستمەند» یان «لۆگۆسی هەستیار» دەیهەویست بەسەر جودایی نێوان مەعریفەناسی و بوونناسی، ناسەر و ناسراوەدا زاڵ بێت. ئێلاکوریا ئاسەواری بوونناسانەی زوبێری وەرگرت و گۆڕانی بەسەردا هێنا بۆ لای فەلسەفەی مێژوو. ڕاستی مێژووییە و کەوایە داینامیکە، ڕاستیی مێژوویی داینامیک ئەو جێگەیە کە سووژەکان بیچم دەگرن، بەڵام هەر ئەوانن کە بە پراکسیسی خۆیان و دانوستانی کردەیی خۆیان لەگەڵ جیهان، ڕاستییە مێژووییەکان دەگۆڕن. بە هەر حاڵ پراکسیسی مرۆڤیش بەردەوام بەربەرینکردنەوەی ئاسۆی کردەیە. پراکسیس ئیمکانگەلێکی زیاتر بۆ دانوستان و دەستەویەخەبوون لەگەڵ ڕاستییە مێژووییەکان دەخاتە بەر دەست. کەوایە دوائامانجی پراکسیس، ئازادیی زیاترە. کتێبی گەورە و ناتەواوی ئەو، بە ناوی *فەلسەفەی ڕاستییە مێژووییەکان* بە مەبەستی گەشەدان بە فەلسەفەیەک لە مێژوودا بوو کە ڕێزی لە «هۆشی مێژوویی» واتە نیشتووی بوونەوەرە کردەییەکان دەگرت. ئەو بوونەوەرە

کردەییانەیش کە مەبەستیان ئازادیی زیاترە، بەرپرسیارێتیی ڕاستیی مێژوویی خۆیانیان لە ئەستۆ دەگرت. شایانی باسە کە فەلسەفەی مێژووی ئێلاکوریا و «لۆگۆسی هەستیاری» کارتێکەریی لەسەر نوێترین کارەکانی دووسێل سەبارەت بە ئەخلاق و سیاسەتی ڕزگاری هەبووە. هەروەها کە لە سەرەوە ئاماژەی پێ درا، ئەمە یەکێک لە هۆکارەکانی داڕێژەری «شیکارانە»یە کە ئەگەری ئەوە هەیە چی دیکە دەستەیەکی بەکەڵک بۆ ڕەوتێک نەبێت کە بە خەستی لەژێر کاریگەریی گۆڕانکارییە دوایییەکانی ئەمریکای لاتیندایە (Dussel 1998, 2007, 2009, 2017, 2018; Bautista 2014; Grant 2020; Mills 2018).

## ٤. مژارەکان و باسوخواسەکان

ڕەوتە فەلسەفییەکان نەتەنیا بە هۆکاری تێزگەلێک کە میتۆد و ڕێدۆزەکانی دیاری دەکات، بەڵکوو هەروەها بەهۆی ئەو مژار و کێشەگەلە کە سەرەڕای گۆڕانکاری و لەخۆگرتنی میتۆد و تێزگەلی نوێ کەڵکەڵەی ئەوان ماوەتەوە، خاوەنی تایبەتمەندیگەلی جیاوازن. فەلسەفەی ڕزگاری لە دەسپێکی سەرهەڵدانیەوە، بابەتگەلی ژێرەوەی بۆ خۆی تەرخان کردووە:

*پرسی پۆپیولیزم*. لە ناوەندی فەلسەفەی ڕزگاریدا، پرسی سووژەی مێژوویی ڕزگاری، بوونی هەیە. ئەم پرسە لە ڕووی بیرۆکەی «خەڵک»ەوە وروووژێندراوە بەڵام بە شێوەگەلێکی جۆراوجۆر پێناسە کراوە: وەکوو فۆرماسیۆنێکی مێژوویی ئەتنۆفەرهەنگی، وەکوو یەک دامەزراوەی کۆمەڵایەتی-ئابووری، وەکوو هەبوویەکی فەرهەنگی کە نەتەوەکان و چینەکان تێدەپەڕێنێت و وەکوو ئەو شتەی کە بڕیار وایە لە ڕێگەی پرۆژەیەکی سیاسیی دیمۆکراتیکەوە بیچم بگرێت. بە سەرهەڵدانی شێوەگەلی تازەی بەشداریی دیمۆکراتیک و بە سەرهەڵدانی وڵاتەکانی ئەمریکای لاتین بەهۆی گۆڕانکارییەکانی نیوگۆ، مەسەلەی خەڵک چییە و خەڵک کێیە، پێویستییەکی تازەی پەیدا کرد. گۆڕانکارییە سیاسییەکانی دەیەی ڕابردوو لە سەرانسەری ئەمریکای لاتین کە دوور بووە لە توندوتیژی شۆڕشگێرانە و ڕووەو بەشداریی سیاسی ڕۆیشتووە، لە ڕوانگەی پێویستی لێڕامانەوە لە بابەتگەلی نوێنەرایەتی و بەشداریی سیاسی لە پێش چاو گیراوە.

*پرسی سووژە*. ئەم پرسە ڕووی دیکەی مەسەلەی سووژەی مێژووی ڕزگارییە. چ پەیوەندییەک لە نێوان سووژەی تاک، چ وەکوو بکەرێکی مەعریفی یان بکەرێکی ئەخلاقی وێنا بکرێت، و سەربەیی

ئەو سووژە تاکە بە سووژەی مێژوویی گشتی و مەزن هەیە، بە شێوەیەک کە دەتوانرێت وەکوو «ئاپۆرەی خەڵـک» ڕەچـاو بکرێت کە یان یەکەیەکـی نەتەوەیی-فەرهەنگییـە، یان هەبوویەکـی بان-نەتەوەیی فەرهەنگییە، وەکوو «کیشوەری ئەمریکا». فەلسەفەی ڕزگاری وەکوو بەشێک لە فەلسەفەی دیاردەناسی- هێرمنۆتیکی دەپەرژێتە سەر سروشتی سووژەیەکی تایبەت و جیاوازی بەجەستەکراو، ئازاد، دۆخمەندی مێژوویی و وابەسـتە. دۆخمەندی بەجەسـتەکراو و مێژوویـی بکەر، بەردەوام لە ڕوانگەی بێبەشـترین و خەسـارهەڵگرترین کەسـەکان لەناو سـووژەی مێژوویی بەکۆمەڵدا کە بەردەوام لەژێر پرسیاردایە، بە بەردەنگ دەکرێت.

*پرسـی جێندەر و ڕەگەز*. فەلسەفەی ڕزگاری هەر وەکوو ئیلاهیاتی ڕزگاری لە پێشڕا لە پەرژانەسەر بابەتگەلی جێندەری و ڕەگەزی کەمکار بوو، سـەرەڕای ئەوەی کە بەگشـتی بابەتـی ڕەگەزی بەردەوام مژاری سـەرەکیی فەلسـەفەی ئەمریکای لاتین بووە. مژاری ڕەگەز بەگشتی لە جەسـتەی mestizaje, blanqueamiento (بە سپی بوون واتە ئەو بیرۆکەی کە ڕەشپێستەکان لە ڕێگەی تێکەڵبوونی ڕەگەزی، دەبن بە سـپی و لە ئەنجامدا لەنێـو کۆمەڵگای بەربڵاوتـردا دەتوێنەوە)، خۆجێیبوون، ڕەشپێسـتبوون و تێکەڵاویی ڕەگەزیدا باسـی لێ دەکرا. بە هەر حاڵ، مێسـتیزەیج ڕووی لەوە بووە کە سـەرپۆش بنێت لەسـەر ڕۆڵی جیاوازی ڕەگەز لە بیچمگرتنی ناسـنامەی ئەمریکای لاتین. بەم پێیە ئێنریکە دووسێل لە بەراییەکانی ساڵی ١٩٧٧ لە بەرگی سێهەمی کتێبی *فەلسەفەی ئەخلاقی ئەمریکای لاتین*دا پەرژاوەتە سەر مژاری جێندەر (Dussel 1977) و لەویادا گەشەونەشـەی داوە بە ئیرۆتیکی ڕزگاریی ئەمریکای لاتین. دووسـێل لە سـاڵی ١٩٨٠ کتێبی *ڕزگاریی ژنان و ئیرۆتیکی ئەمریکای لاتین*ی بڵاو کردەوە کە بریتییە لە پێداچوونەوەی دووبارەی بەشـی حەوتەمی بەرگی سـێهەم، لەگەڵ دەقێکی نوێ بە سەرناوی «بەرەو مێتافیزیکی ژنایەتی» و هەروەها کە سـەرناوەکە پیشـانی دەدات دەیهەوێت تێگەیشتنێکی مێتافیزیکی لـە زایەنـد و جێندەر بخاتە ڕوو کـە لەویادا ژن «ئەوی دیکـەی» پیاوە. مێتافیزیکی دووسـێل بەهۆی کۆنەباوبوون و «نێرینەگەری»لە تێگەیشتنی بەتایبەت کاتۆلیکی، و بەگشتی مەسیحی لە زایەند و جێندەر، کە پێداویستیی مێژوویی ڕۆڵگەلی جێندەری لە پێش چاو ناگرێت و دەبێتە هۆی ڕەتدانەوەی زۆر توندی جیاوازییە جێندەرییەکان، ڕەخنەی لێ گیراوە (Schutte 1993). دووسـێل لە پاشکۆی پێداچوونەوەی ١٩٩٤ لە کتێبی *ڕزگاری ژنان و ئیرۆتیکی ئەمریکای لاتین*دا، بۆچوونەکانی پێشووی خۆی ڕەت کردەوە و ڕەخنەی لێ گرتن و ئاماژەی بەوە دا کە فێمینیزمی ئەمریکای لاتین لە دەیەی شەسـتدا زیاتر ڕووی لە ڕەخنە لە فێمینیزمـی ئەمریکای باکوور بووە و ئەو چەمکی «جێندەر»ە هێشـتا بە تەواوی نەهاتبووە ناو

ئەندێشــەی ئەمریکای لاتینــەوە و بە هی خۆ نەکرابوو. هەروەها لایەنە نەویســتراوەکانی «هۆمۆفۆبیا»ی بانگەشەی پێشووی خۆی بۆ ئیرۆتیکی ڕزگاریی ئەمریکای لاتین ڕەت کردەوە. بە درێژایی سێ دەیەی ڕابردوو، فەیلەســووفانی ڕزگاری لە دیالۆگ لەگــەڵ لیندا ئالکۆف، لیندا لانگە، ماریا لۆگۆنێس، ئۆفۆلیا ســکات و ئێلینا ڤۆیلا (Alcoff and Mendieta, eds. 2000) و هەروەها ئیلاهیزانانێکی وەکوو ماریا کلارا بینگهێمر، ئیڤۆن گێبارا و ئێلســا تامز دەســتیان دایە پەرژانەســەر بابەتێک کە لۆگۆنز پێی دەڵێت «ئیستعماری جێندەری» (Lugones 2010).

*پرسی ئارمانجشار*. فەلسەفەی ڕزگاری وەکوو بزووتنەوەیەکی فەلسەفی کە بە تێکۆشان بۆ ڕزگاری پێناســە دەکرێت، بەردەوام دەبێت بپەرژێتە سەر ڕۆڵی ئارمانجشــار لە گڕنان و وزەبەخشین بە بزووتنەوە تاکی و بەکۆمەڵەکان. بە هەر حاڵ، پرســی ئارمانجشــار مەســەلەی خەیاڵی بەکۆمەڵە و ئامانجگەلێک دەورووژێنێت کە بزووتنەوە گۆڕانخوازەکان ڕێنوێنی دەکات. لەگەڵ ئەمەشدا، هاوکات بەهۆی نەبوونی ئیمکانی کردارەکیبوون یان بەکارهاتوویی، ڕەخنە لە خەیاڵە گۆڕانخوازەکان دەگیردرێت.

*پرسی مێژوو*. گرنگیی مێژوو بابەتێکی پرۆبلێماتیکە کە تەواوی ڕەوت و نەریتی فەلسەفەی ڕزگاری لە خۆ دەگرێت. ئەمەیش تەنیا بەهۆی ئەوە نییە کە «وابەستەیی» و «ڕزگاری» وەکوو بابەتگەلێکی مێژوویی دەرکــی پێ دەکرێت بەڵکوو بەهۆی ئەوەی کە دەبێت خودی پــرۆژەی ڕزگاری لە دەروونی مێژووەوە ڕاپەڕێندرێت. لە ڕاســتیدا فەلسەفەی ڕزگاری تەنانەت لە بووناســانەترین و شیکارانەترین وەشانەکەی خۆیدا، بەردەوام دەپەرژێتە ســەر تایبەتمەندیی مێژووییبوونی مرۆڤەوە. بەگشتی فەیلەسووفانی ڕزگاری داکۆکی دەکەن کە نوانەسازیی مێژوویی ئازادی واتە ئازادیی مرۆڤ ناتوانرێت بە شێوەیەکی دەرهەست و ئابستراکت تێگەیشــتنی بۆ بکرێت، بەڵکوو بە پێچەوانەوە تەنیا لە هەلومەرجی مێژوویی ماددیی زۆر تایبەتــدا دەرکی پێدەکرێــت، چونکە فۆرمی دامەزراوەگەلی سیاســی-کۆمەڵایەتی لــە خۆ دەگرن. لە ڕوانگەی فەیلەســووفانی ڕزگارییەوە، ئازادیی مرۆڤ دەبێت ڕێک بەجەستەکراو و ماددی بێت چونکە بەشێکە لە یەک ڕاستیی مێژوویی داینامیک.

*پرسی دیموکراسی و تەکووزیی کۆمەڵایەتی*. فەلسەفەی ڕزگاری هەر بەو ڕادەی کە بە بەرخۆدانی لە هەمبەر تەواوی جۆرەکانی سەرەڕۆیی و دەسەڵاتگەڕی پێناسە کراوە، بەو ڕادەیەیش بە زەجر و ئەزیەت و ئازاری زۆرێک لە فەیلەســووفانی بە دەســتی دیکتاتۆرەکان و کەسایەتییە سیاسییە سەرەڕۆکان پێناسە دەکرێت. لە ساڵەکانی بەراییدا، پرسی دیموکراسی، شەرعیەت و یاساییبوون بە پرسیارگەلی مێتافیزیکی و

بوونناسانەی مژاری ڕزگاریی مێژوویی بەسترابووەوە. بەڵام لە درێژایی دوو دەیەی ڕابردوودا، داهاتووی سیاسیی ئەمریکای لاتین بووە بە مژارێکی گرنگتر. هەنووکە تێکۆشان بۆ سەروەریی نەتەوەیی و ڕزگاری لە ئیمپریالیزمی ئەورووپایی-ئەمریکایی، لەناو دیموکراسیگەلی ئەتنیکی-ڕەگەزی و بەشداریی زۆرتری بەشــگەلێک لە خەڵکی ئەمریکای لاتین چوارچێوەدار بووە کە لە درێژایی پرۆســەگەلی سەربەخۆیی نەتەوەیی و سازکرانی دەوڵەتی نەتەوەیی، یان وەلا نراون یان بەگشتی چاوپۆشییان لێ کراوە. فەیلەسووفانی ڕزگاری لە دەیەی یەکەمی ســەدەی بیست و یەکەمدا خۆیان وەکوو بەشداربووانی گەشەونەشەدان بەو شــتەی ناوی دەنرێت دیموکراسیی «فرەکولتووری» دەناساند، و بەم شــێوەیە تێگەگەلێک لە «ئاپۆرەی خەڵک» کە لە ڕووی مێژووییەوە زۆرتر چەمێندراونەتەوە و کەمتر «بوونناسانە»ن هێدی هێدی وەرگیردران و گەشەیان پێدرا.

لە کۆتاییدا، فەلسەفەی ڕزگاری وەکوو زۆرینەی ڕەوتە بە جموجووڵ و هێشتا زیندووەکانی جیهانی فەلســەفە، یارمەتیدەری سێ مژاری سەرەکی بووە کە بەگشــتی بۆ تەواوی فەلسەفە یەکجار گرنگە. واتە پرسی مانا، چۆن بەرهەمی دێنین، چۆن بەرهەمهێنانەوەی دەکەین و چۆن ئەو مانا بەرهەمهاتووە مێژووییانە بە شــێوەگەلی جۆراوجۆری نیشانەناســی و هێرمنۆتیکی ڕادەگوێزین. ئەمە پرسیارێکی گشتییە کە چۆن مرۆڤەکان لە درێژایی زەماندا پەیوەندی دەگرن، تەنانەت ئەو کاتەی کە هەلومەرجی بنەڕەتیی بەرهەمهێنانی جیهانبینییەکانیان بە تەواوی ئاڵۆگۆڕی بەسەردا دێت. لەگەڵ ئەوەیشدا فەلسەفەی ڕزگاری کە تا ئاستێک وەکوو ئاڵنگارییەک بۆ مێژوونووســییەکی دیاریکراو لە بیرۆکەکانی لە ئەمریکای لاتین دەستی پێکرد، ئێستەیشــی لەگەڵدا بێت ئەم پرســیارە دەورووژێنێت کە چۆن مێژووی فەلسەفە و بۆ چ کەسێک و بە چ مەبەســتێک بنووسین، بە شێوەیەک کە ڕادەستی چەواشەکاریی ئایدیۆلۆژیک، پەتیگەریی ساویلکانە، ئەورووپاتــەوەری و جیهانی ســێهەم-باوەڕی نەبین. لــە ئاکامدا فەلســەفەی ڕزگاری هەر وەک هەموو بزووتنەوە فەلسەفەییە گۆڕانخواز و هەرمانەکان لە کاتی دەسپێکیەوە وەکوو ڕامانێکی مێتافەلسەفی خۆی جومگەبەندی کردووە، واتە وەکوو فەلســەفەیەک کە لەســەر پراکتیســی خۆی و ئەو شتەی کە شایانی ئەوەیە دادگای گشتیی فەلسەفە ناو بنرێت، بیر دەکاتەوە.

## ژێدەرەکان

Abellán, José Luis, 1967, *Filosofía Española en América*, Madrid: Guadarrama.

Alcoff, Linda, 2000, "Power/Knowledges in the Colonial Unconscious: A Dialogue Between Dussel and Foucault", in Alcoff and Mendieta 2000: 249–67.

–––, 2006, *Visible Identities: Race, Gender, and the Self*, New York: Oxford University Press.

Alcoff, Linda and Eduardo Mendieta (eds), 2000, *Thinking from the Underside of History: Enrique Dussel's Philosophy of Liberation*, Lanham, MD: Rowman & Littlefield Publishers.

Allen, Amy and Mendieta, Eduardo, forthcoming, *Decolonizing Ethics: Enrique Dussel's Critical Theory*, State College: Penn State University Press.

Ardiles, Osvaldo, et al. (eds), 1973, *Hacia una filosofía de la liberación latinoamericana*, Buenos Aires, Argentina: Editorial Bonum. [Ardiles et al. 1973 available online]

Assmann, Hugo, 1971, *Opresión-Liberación: desafío a los cristianos*, Montevideo: Tierra Nueva.

Bautista S., Rafael, 2014, *La descolonización de la Política. Introducción a una Política comunitaria*, La Paz, Bolivia: Plural Editores.

Beggs, Donald, 1996, "Sor Juana's Feminism: From Aristotle to Irigaray" in Linda Lopez McAlister, ed., *Hypatia's Daughter: Fifteen Hundred Years of Women Philosophers*, Bloomington, IN: Indiana University Press, 108–127.

Beorlegui, Carlos, 2004, *Historia del pensamiento filosofico latinoamericano: Una busqueda incesante de la identidad*, Bilbao: Universidad de Deusto.

Berndston, C.A.E. (ed.), 1949, *Readings in Latin American Philosophy*, Columbia, MO: University of Missouri Press.

Canteñs, Bernardo J., 2010, "The Rights of the American Indians", in Nuccetelli, Schutte, and Bueno 2010: 23–35.

Castro-Gómez, Santiago, 2011, *Crítica de la Razón Latinoamericana*, 2nd expanded edition, Bogotá: Editorial Javeriana.

Cerutti Guldberg, Horacio, 2006 [1983], *Filosofía de la liberación latinoamericana*, México City: Fondo de Cultura Económica.

–––, 1988–89, "Actual Situation and Perspectives of Latin American Philosophy

for Liberation", in Jorge J.E. Gracia (ed.), Latin American Philosophy Today. A Special Double Issue of *The Philosophical Forum* XX(1–2): 43–61.

Crawford, William Rex, 1944, *A Century of Latin American Thought*, Cambridge, MA: Harvard University Press.

Dussel, Enrique, 1977, *Filosofía Etica Latinoamericana: De la Erótica a la Pedagógica de la Liberación, III*, México: Editorial Edicol.

—–, 1977a, *Filosofía de la liberación*, México: Edicol; English translation, *Philosophy of Liberation*, Aquila Martinez and Christine Morkovsky (trans.), Maryknoll: Orbis Books, 1985.

—–, 1980, *Liberación de la Mujer y Erótica Latinoamericana*, Bogotá: Editorial Nueva América.

—–, 1993, *1492: El encubrimiento del Otro. Hacia el origen del mito de la modernidad*, Madrid: Nueva Utopía; English translation, *The Invention of the Americas: Eclipse of "the Other" and the Myth of Modernity*, Michael D. Baarber (trans), New York: Continuum.

—–, 1998, *Ética de la liberación en la eded de la globalización y de la exclusion*, Madrid: Trotta: English translation, *Ethics of Liberation: In the Age of Globalization and Exclusion*, Alejandro Vallega (ed.), Eduardo Mendieta et. al (trans), Durham: Duke University Press, 2013.

—–, 1996, *The Underside of Modernity: Apel, Ricoeur, Rorty, Taylor and the Philosophy of Liberation*, Eduardo Mendieta (trans./ed.), New Jersey: Humanities Press.

—–, 2005, "Filosofía de la Liberación", in Ricardo Salas Astrain (eds), 2005, *Pensamiento Crítico Latinoamericano: Conceptos Fundamentales*, Santiago de Chile: Ediciones Universidad Católica Silva Henriquez, 373–388.

—–, 2007, *Política de la liberación. Historia mundial y crítica*, Madrid: Trotta; English translation, *Politics of Liberation: A Critical Global History*, Thia Cooper (tran.), London: SCM Press, 2011.

—–, 2007a, "Alterity and Modernity (las Casas, Vitoria, and Suárez: 1514–1617)," translated by James Terry in Nalini Persram (ed.), *Postcolonialism and Political Theory*, Lanham, MD: Lexington Books, 35–50.

—–, 2009, *Política de la Liberación. Arquitectonica, Volumen II*, Madrid: Trotta.

—–, 2015, *Filosofías del Sur: Descolonización y Transmodernidad*, Ciudad de

México: Akal.

—–, 2017, *En Búsqueda del Sentido: Sobre el origen y desarrollo de una Filosofía de la Liberación*, México: Colofón.

—–, 2018, *Anti-Cartesian Meditations and Transmodernity: From the Perspective of Philosophy of Liberation*, Alejandro A. Vallega and Ramón Grosfoguel (eds.), The Hague: Amrit Publishers.c

Dussel, Enrique, Carmen Bohórquez, and Eduardo Mendieta (eds), 2009, *El pensamiento filosófico latinoamericano, del Caribe y "latino" [1300–2000]*, Mexico: Siglo XXI.

Ellacuría, Ignacio, 1991, *Filosofía de la realidad histórica*, Madrid: Trotta.

—–, 1996–2001, *Escritos filosóficos*, 4 volumes, San Salvador, El Salvador: UCA Editores.

Femenías, María Luisa and Amy Oliver, 2007, *Feminist Philosophy in Latin America and Spain*, New York, NY: Rodopi.

Fornet-Betancourt, Raúl, 1987, "La filosofía de la liberación", in *Filosofía de Hispanoamérica. Aproximaciones al panorama actual*, Barcelona: ICE Universitat de Barcelona, 123–50.

—–, 2009, *Mujer y filosofía en el pensamiento iberoamericano: Momentos de una relación difícil*, Barcelona:Anthropos.

Freire, Paolo, 1970, *Pedagogía del Oprimido*, Montevideo/México: Siglo XXI; English translation, *Pedagogy of the Oppressed*, Myra Bergman Macedo (trans.), New York: Bloomsbury Academic, 2000.

—–, 1972, *Educación para la praxis de la libertad*, México: Siglo XXI; English translation *Education for Critical Consciousness*, Myra Berman Ramos (editors and trans.) New York and London: Continuum, 1974.

Frondizi, Risieri, 1948–49, "Is There an Ibero–American Philosophy?" *Philosophy and Phenomenological Research* 9:345–55.

Gracia, Jorge J.E. (ed.), 1986, *Latin American Philosophy in the Twentieth Century*, Buffalo: Prometheus.

—– (ed.), 1988–89, *Latin American Philosophy Today*, A Special Double Issue of *The Philosophical Forum*, XX(1–2).

—–, 2000, *Hispanic/Latino Identity: A Philosophical Perspective*, Oxford:

Blackwell.

––– (ed.), 2007, *Race or Ethnicity? On Black and Latino Identity*, Ithaca, NY: Cornell University Press.

–––, 2008, *Latinos in America: Philosophy and Social Identity*, Malden, MA: Blackwell.

––– (ed.), 2011, *Forging People: Race, Ethnicity, and Nationality in Hispanic American and Latino/a Thought*, Notre Dame, IN: University of Notre Dame Press.

Gracia, Jorge J.E., E. Rabossi, Enriq Villanueva, and Marcelo Dascal, (eds), 1984, *Philosophical Analysis in Latin America*, Dordrecht: Reidel. Abridged version of *El análisis filosófico en América Latina*, Mexico City: Fondo de Cultura Económica, 1985. doi:10.1007/978-94-009-6375-7

Gracia, Jorge J.E. and Iván Jaksić (eds), 1988, *Filosofía e identidad cultural en América Latina*, Caracas: Monte Avila Editores.

Gracia, Jorge J.E. and Mireya Camurati (eds), 1989, *Philosophy and Literature in Latin America: A Critical Assessment of the Current Situation*, Albany, NY: State University of New York Press.

Gracia, Jorge J.E. and Elizabeth Millán-Zaibert (eds), 2004, *Latin American Philosophy for the 21st Century: The Human Condition, Values, and the Search for Identity*. Amherst, NY: Prometheus Books.

Gracia, Jorge J.E. and Manuel Vargas, 2013, "Latin American Philosophy", in *The Stanford Encyclopedia of Philosophy* (Fall 2013 Edition), Edward N. Zalta (ed.), URL = <https://plato.stanford.edu/archives/fall2013/entries/latin-american-philosophy/>.

Grant, Silva, 2020, "Liberation Philosophy" in Robert Eli Sanchez (ed.), *Latin American and Latinx Philosophy: A Collaborative Introduction*, New York and London: Routledge, 137–160.

Gutierrez, Gustavo, 1971, *Teología de la liberación. Perspectivas*, Lima: CEP; English translation, *A Theology of Liberation*, Caridad Inda and John Eagleson (trans.), Maryknoll, NY: Orbis Books, 1973.

Hierro, Graciela, 1985, *Etica y feminismo*, Mexico City: Universidad Nacional Autónoma de México.

–––, 2001, *La ética del placer*, Mexico City: Universidad Nacional Autónoma de

México.

Hinkelammert, Franz, 1981, *Las armas ideológical de la muerte*, San José, Costa Rica: DEI; English translation, *The Ideological Weapons of Death: A Theological Critique of Capitalism*, Phillip Berryman (trans.), Maryknoll: Orbis Books, 1986.

–––, 1984, *Crítica de la razón utópica*, San José, Costa Rica: DEI.

Jacobini, H.B., 1954, *A Study of the Philosophy of International Law as Seen in the Works of Latin American Writers*, The Hague: Nijhoff.

Kunz, Joseph L., 1950, *Latin American Philosophy of Law in the Twentieth Century*, New York: Inter American Law Institute, NYU School of Law.

Lara, Jesús, Ñaucahuazú, Sueños, Cochabamba: Los Amigos del Libro.

Lassalle, Edmundo, 1941, *Philosophic Thought in Latin America: A Partial Bibliography*, Washington, DC: Pan American Union Division of Intellectual Cooperation.

León Portilla, Miguel, 1956, *La filosofía náhuatl, estudiada en sus fuentes*, México, Instituto Indigenista Interamericano; English translation, 1963, *Aztec Thought and Culture: A Study of the Ancient Nahuatl Mind*, Jack Emory Davis (trans.), Norman, OK: University of Oklahoma Press, 1963.

Liebman, Seymour, 1976, *Exploring the Latin American Mind*, Chicago, IL: Nelson Hall.

Lugones, María, 2003, *Pilgrimages/Peregrinajes: Theorizing Coalition Against Multiple Oppressions*, Lanham, MD: Rowman & Littlefield Publishers.

–––, 2010, “Toward a Decolonial Feminism,” in *Hypatia* 25 (4): 742–59.c

Maffie, James, 2010, “Pre-Columbian Philosophies”, in Nuccetelli, Schutte, and Bueno 2010: 9–22.

Mariátegui, José Carlos, 1968, *Siete Ensayos de interpretación de la realidad peruana*, Lima: IEP; English translation, *Seven Interpretive Essays on Peruvian Reality*, Austin, TX: University of Texas Press, 1971.

Márquez, Ivan (ed.), 2008, *Contemporary Latin American Social and Political Thought: An Anthology*, Lanham, MD: Rowman & Littlefield.

Mendieta, Eduardo, 1999, “Is There Latin American Philosophy?” *Philosophy Today* 43, no. Supp : 50–61.

—— (ed.), 2003, *Latin American Philosophy: Currents, Issues, and Debates*, Bloomington, IN: Indiana University Press.

——, 2008, “Latin American Philosophy as Metaphilosophy”, in *Centennial Review*, 7(3): 31–50

Mignolo, Walter, 2003, “Philosophy and the Colonial Difference”, in *Latin American Philosophy: Currents, Issues, Debates*, edited by Eduardo Mendieta, 80–86. Bloomington, IN: Indiana University Press.

——, 2011, *The Darker Side of Western Modernity: Global Futures, Decolonial Options*, Durham and London: Duke University Press.

Mignolo, Walter and Walsh, Catherine E., 2018, *On Decoloniality: Concepts, Analytics, Praxis*, Durham and London: Duke University Press.

Moraña, Mabel, Dussel, Enrique, and Jáuregi, Carlos A. (eds.), 2008, *Coloniality at Large: Latin America and the Postcolonial Debate*, Durham and London: Duke University Press.

Nuccetelli, Susana, 2001, *Latin American Thought: Philosophical Problems and Arguments*, Boulder, CO: Westview Press.

——, 2003, “Is ‘Latin American Thought’ Philosophy?” *Metaphilosophy*, 34(4): 524–36.

Nuccetelli Susana, Ofelia Schutte, and Otávio Bueno (eds), 2010, *A Companion to Latin American Philosophy*, Malden, MA: Wiley-Blackwell.

Nuccetelli, Susana, and Gary Seay (eds), 2003, *Latin American Philosophy and Introduction with Readings*, Upper Saddle River, NJ: Prentice Hall.

Oliver, Amy, 2007, “Latin American Feminist Philosophy: Early Twentieth-Century Uruguay”, in *Feminist Philosophy in Latin America and Spain*, edited by María Luisa Femenías and Amy Oliver, New York: Rodopi, pp. 31–42.

Prada Oropeza, Renato (1969), *Los fundadores del alba*, La Paz, Bolivia: Editorial “Los Amigos del Libro”.

Ruiz Sotelo, Mario, 2010, *Crítica de la Razón Imperial: La filosofía politica de Bartolomé de las Casas*, México: Siglo XXI.

Salazar Bondy, Augusto, 1968, *¿Existe una filosfía de nuestra América?* México City: Siglo XXI.

——, 1973, “Filosofía de la dominacion y filosofía de la liberación” *Stromata*, 28,

no. 4:393–397.

––––, 1995, *Dominacion y Liberacion. Escritos 1966–1974*, Lima, Perú: Facultad de Letras y Ciencias Humanas, Universidad Mayor de San Marcos.

Solís Bello Ortiz, N.L., J. Zúñiga, M.S. Galindo, and M.A. González Melchor, 2009, “La filosofía de la liberación”, in Dussel, Bohórquez, & Mendieta 2009: 399–417.

Vallega, Alejandro, 2014, *Latin American Philosophy from Identity to Radical Exteriority*, Bloomington and Indianapolis. Indiana University Press.

Vallejo de Bolívar, Gaby, 1973, *Los Vulnerables*, La Paz, Bolivia: Editorial “Los Amigos del Libro”.

Vargas, Manuel, 2004, “Biología y la filosofía de la raza en México: Bulnes y Vasconcelos”, in *Construcción de las identidades latinoamericanas: Ensayos de historia intelectual*, Aimer Granados and Carlos Marichal (eds), Mexico City: Colegio de México.

––––, 2005, “Eurocentrism and the Philosophy of Liberation”, *APA Newsletter on Hispanic/Latino Issues*, 4(2): 8–17.

––––, 2007, “Real Philosophy, Metaphilosophy, and Metametaphilosophy”, *CR: The New Centennial Review*, 7(3): 51–78.

Uzin Fernández, Oscar, 1976, *La oscuridad radiante*, La Paz, Bolivia: Editorial “Los Amigos del Libro”.

Vasconcelos, José, 1948, *La raza cósmica*, México: Espasa Calpe; English translation, *The Cosmic Race: A Bilingual Edition*, Didier T. Jaén (trans.), Baltimore, MD: Johns Hopkins University Press, 1997.

Vasconcelos, José, and Manuel Gamio, 1926, *Aspects of Mexican Civilization*, Chicago, IL: The University of Chicago Press.

Vega, Julio de la, (1971), *Matías, el apóstol suplente*, La Paz, Bolivia: Editorial “Los Amigos del Libro”.

von Vacano, Diego A., 2012, *The Color of Citizenship: Race, Modernity and Latin American/Hispanic Political Thought*, New York: Oxford University Press.

Zea, Leopoldo, 1949, *Dos etapas del pensamiento en Hispanoamérica. Del romanticismo al positivismo*, México: El Colegio de México; English translation, *The Latin American Mind*, James H. Abbott (trans.), Norman, OK: University of Oklahoma Press, 1963.

——, 1969, *La filosofía americana como filosofía sin más*, México City: Siglo XXI.

——, “La filosofía latinoamericana como filosofía de la liberación” *Stromata*, 28, no. 4; 399–413.

——, 1976, *El pensamiento latinoamericano*, Barcelona: Ariel.

——, 1988–89, “Identity: A Latin American Philosophical Problem”, *The Philosophical Forum*, XX, 1–2:33–42.

——, 1991, *La Filosofía como Compromiso de Liberación*, Caracas, Venezuela: Biblioteca Ayacucho.

## سەرچاوە ئینتەرنێتییەکانی تر

- Latin American Philosophy
- Philosophy in Latin America
- Proyecto Ensayo Hispánico